# بەرزنجە

گۆڤارێکی وەرزیی مێژوی، کلتوری، تایبەت بە مێژوی بەرزنجەیە

ژمارە 2 و 3


خاوەن ئیمتیاز

شێخ عەبدولکەریم شێخ ئەحمەد شێخولئیسلامی مودەڕیسی بەرزنجە

( مەلا کەریمی بەرزنجی )

سەرنووسەر

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

جێگری سەرنووسەر

عومەر کەریم بەرزنجی

دەستەی نوسەران

سەیید ئەحمەد شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی

دانا شێخ عومەر بەرزنجی

ڕاز عەبدولکەریم

نگین ئەحمەد

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە

شانۆ ئەحمەد بەرزنجی


سوڵتان ئیسحاقی کاکەیی
بەرزنجی
سەدەی هەشتەمی کۆچی

کێ ئەرکی لەچاپدانی
گۆڤاری بەرزنجە دەگرێتە
ئەستۆ ......؟؟؟

شێخ حسێنی قازیی بەرزنجی
ژیان و بەرهەمی ...

شێخ ئیبراهیمی بەرزنجی
ژیان و بەرهەمی ...

پیرمیکایڵی کوڕی شێخ موسای
نوربەخشی بەرزنجی
ژیان و بەرهەمی ...

### کێ ئەرکی لەچاپدانی

# گۆڤاری بەرزنجە

### دەگرێتە ئەستۆ......؟؟؟

پێش دەرچوواندنی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (بەرزنجە) لێرە و لەوێ خەڵکانێکی زۆر بەڵێنی ئەوەیان دا،کە ئەگەر ئێمەبتوانین ئەرکی زانستی گۆڤارەکە لە ئەستۆ بگرین،ئەوا ئەوان دەتوانن ئەرکی مادی لە چاپدانی گۆڤارەکە لە ئەستۆ بگرن،بۆیە ئێمە بەخۆشحاڵییەوە ئەو ئەرکەمان گرتە ئەستۆ،بەڵام زۆر بەداخەوە بەشێك لەو بەرێزانە دەیان ویست کە بەخواستی ئەوان بابەت بڵاوبکرێتەوە،یان رەدبکرێتەوە،و ئەو بابەتانەی لەگەڵ بیرو بۆچونی ئەواندا یەکناگرێتەوە، فەرامۆش بکرێت،هەندێکیش دەیان ویست زۆربنەماڵە و کەسایەتی لە بەرزنجیبوون بسرپینەوە،هەندێکیش هەر دەیان وت خۆم و خۆم و خۆم .هەندێکیش بەو مەرجە هاوکارییان دەکرد،کە زۆرترین بابەت لەسەر بنەماڵەی ئەوان بڵاوبکرێتەوە،بۆیە ئێمەش بەداوای لیبوردنەوە دەستی کۆمەك و هاوکاری ئەو بەرێزانەمان رەدکردەوەو،پێمان وتن:(ئێمە ئامادەنین بکەوینە ژێر کاریگەرییەوە،لامان ئاساییە ئەگەر دەرچواندنی گۆڤارەکە رابگرین،یان شێوازێکی دیکە بۆ دەرچواندنی بدۆزینەوە،بۆیە لە ئەنجامدا بریارماندا بەشێوەی ئەلکترۆنی گۆڤارە کە لە سایتەکانی ئینتەرنێت دا بڵاوبکەینەوەو، هاوکات راشی بگەیەنین کە سوپاسی هەر کەس و لایەنێك دەکەین ئەرکی لە چاپدانی گۆڤارەکە بگرێتە ئەستۆ و،ئێمەش بە سوپاسەوە دەنووسین کە ئەرکی لە چاپدانی گۆڤارەکە لە ئەستۆی ئەوان بووە،بەڵام بەداوای لیبوردنەوە بە خوێنەرانی بەرێز رادەگەیەنین،کە رەنگە ئیتر تەنها بە شێوەی ئەلکترۆنی گۆڤارەکە بڵاوبکەینەوە،ئەگەرچی دەزانین کە ژمارەیەکی کەم خوێنەری سایت و رۆژنامە و گۆڤارە ئەلکترۆنییەکانمان هەیە ،وەلێ بەداخەوە لە ئێستادا،ئەو رێگەیە تەنها چارەسەرە).

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

بۆیە داوای لیبوردن لە خوێنەرانمان دەکەین،هەم بۆ دواکەوتنی گۆڤارەکە و،هەم بۆ لە چاپنەدانی، چونکە لە ئەستۆگرتنی ئەم ئەرکە زۆر قورس و گرانە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێن بە خوێنەران دەدەین،کەلەهەوڵ و تێکۆشان بەردەوامدەبین و،ماندووبوون رامان ناگرێت،وەلێ بەو مەرجەی بتوانین گرنگی بە هەموو بەرزنجییەکانی جیهان و هەموو مێژووی بەرزنجە بدەین،بەبێ فەرامۆش کردنی هیچ بنەماڵە و کەسایەتی و شاعیر و ئەدیب و شێخی ئیرشاد و مەلا و زانایان و ئەکادیمیستان و شۆرشەکان و شەهیدانی رێگای کوردستان ،جا لە شۆرشی کۆندا بێت،یان نوێ،یان لەهەر لایەنێکی سیاسی بێت.

# پیرمیکایلی دەودانی کوڕی شێخ موسای نوربەخشی بەرزنجی
## ( سەدەی هەشتەمی کۆچی )



حوجرە و مەدرەسەر بەرزنجە

بەپێی پەرتووکی (سەرئەنجام)،کە یەکێکە لە پەرتووک و،سەرچاوە پیرۆزەکانی ئاین،یان ئاینزای (کاکەیی)، پیر میکایلی دەودانی کوڕی عەلامە حاجی شێخ موسای نوربەخشی بەرزنجی کوڕی بابا عەلی هەمەدانی کوڕی بابا یوسفی هەمەدانی یە و،ئامۆزای سوڵتان ئیسحاقی کاکەیی بەرزنجی یە.

ئەوەندەی ئێمە لە بارەی مێژووی (بەرزنجە) و مێژووی ئاین یان ئاینزای (کاکەیی)مان کۆڵیبێتەوە،و بە دووادا چونمان بۆ کردبێت،ڕاستتر وایە بڵێین پیر میکائیل لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی دا ژیاوە.چونکە عەلامە حاجی مەلا موسای بەرزنجی باوکی ،لە ساڵی( 656ک) لە هەمەدان لەدایک بووەو،لە (بەرزنجە) و لە ساڵی (686ک) ژنی هێناوەو،لە ساڵی (696ک) کۆچی دووای کردووە،و لە گۆڕستانی (بەرزنجە) بە خاک سپێردراوە.

دکتۆر (سدیق بۆرەکەیی /سەفی زادە) لەلاپەڕە (213 و 214) ی پەرتووکی (مێژووی ویژەی کوردی) ی (بەرگی یەکەم) دا،دەنووسێت:

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی دا ژیاوە،بەپێی یاداشتی قەرەندی لە ساڵی( 658ک) لە دێی (دەودان) لە دایک بووە،وەکو دەڵێن خاوەنی زەوی و زارێکی زۆر بووەو،ئەندامانی بنەماڵەکەی زۆربەیان زاناو خوێنەواربوون و،پیرمیکائیل هەرلەسەردەمی مناڵی دا،لەلای باوکی قورئانی پیرۆز و،ڕێزمانی عەرەبی خوێندووەو،ئەوسا چۆتە حوجرەی فەقێیان و،لەپاشان بۆ خوێندن هەموو هەورامان گەڕاوەو،کاتێك سوڵتان ئیسحاق لە دێی (شێخان) سەری هەڵداوە،ئەو بۆتە مێملی،بەلاّم پاشان ڕێ و ڕچەکەی وەرگرتووەو،ماوەیەکیش لەلای ماوەتەوە تا خەرقەی لێوەرگرتووەو، پاشان بۆ پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری بەزۆربەی شوێنەکان و ناوچەکانی کوردستاندا گەڕاوەو،سەرئەنجام لە ساڵی (736ک) لە دێی قەرەدەرەی کوردستان دا کۆچی دووای کردووەو،لەسەر تەپۆڵکەیەکدا بە خاک سپێردراوە. )(1).وەلێ بۆ ساڵی لە دایک بوون و

مردنی پیرمیکایل،لەگەڵ بۆرەکەیی دا یەکناگرینەوە،وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد.

جگە لەم قسانەی بۆرەکەیی، چەند سەرچاوەیەکی دیکەمان لەبەر دەست دایە،کە باس لەوە دەکەن پیرمیکائیل ئامۆزای سوڵتان ئیسحاقی کاکەیی بەرزنجی کوڕی شێخ عیسا یە و،کوڕی عەلامە ( حاجی شێخ موسای بەرزنجی ) برای حاجی مەلا عیسایە و،هاوکات دایك براشە لەگەڵ سوڵتاندا، چونکەفاتیمەخانی ژنەکەی شێخ موسای نوربەخشی بەرزنجی ،لە دووای مردنی هاوسەرەکەی شوی بە شێخ عیسای نوربەخشی بەرزنجی برای شێخ مووسای بەرزنجی کردەوە.

بە نموونە( دکتۆر مارف خەزنەدار)لە پەرتووکی ( مێژووی ئەدەبی کوردی )ی ( بەرگی یەکەم ) دا ،دەنووسێت :( پیرمیکایلی دەودانی ئامۆزای سوڵتان سەهاك بووە، پاش ئەوەی کە دەبێت بە یەکێك لە یارە هەرە نزیکەکانی سوڵتان ،ساریٚ=شاریٚ)ی کچی پێشکەش دەکات و،دەبێت بە کارەکەری )( 2 ).

هەروەها بەڕێز مامۆستا (موحەمەد ئەمین هەورامانی )یش،هەمان بۆچوونی هەیە و،لەمبارەیەوە دەڵێت:( پاش ئەوەی سوڵتان و پیر میکایلی دەودانی ،کە ئامۆزایەتی ئاشتی دەکەوێتە نێوانیانەوە و پیرمیکائیلیش کچەی خۆی (ساریٚ=شاریٚ) دەهێنیٚ بۆ خزمەتی سوڵتان،بۆئەوەی خزمەتی بکات )( 3 )،هاوکات ( ئەیووب ڕۆستەم )یش لە کتێبی ( یارسان )دا ،دەنووسێت :( دەوترێت شێخ مووسای بەرزنجی،وەجاخ کوێربووەو،منالی نەبووە،کەچی لە هەندێك سەرچاوەشدا باس لەوە کراوە،کە پیر میکائیلی دەودانی کوڕی ئەم زاتە بووە )( 4 ).

کەواتە زیاتر لە سەرچاوەو،دەستنووسێکمان لەبەر دەست دایە،کە باس لەوە دەکەن پیرمیکایڵ ئامۆزای سوڵتان ئیسحاقە و،کوڕی عەلامە( حاجی شێخ موسای بەرزنجی ) یە،بۆیە نەمان توانی ئەو سەرچاوەو دەستنووسانە فەرامۆش بکەین و،بەتەنها پشت ببەستین بەقسەی خەڵکی



قوتابخانەی حوکومی بەرزنجە

( بەرزنجە )کە هەمیشە لە گێڕانەوەکانیان دا باس لەوە دەکەن ،کە گوایە (شێخ موسای بەرزنجی ) کوڕی نەبووەو،وەجاخ کوێربووە.

لە پیرمیکائیلەوە گەلێك هۆنراوە بە یادگار ماوەتەوە،و زۆربەی هۆنراوەکانیش تایبەتن بە

ئاین یان ئاینزای کاکەیی و، لێرەدا دوو پارچە لە هۆنراوەکانی دەنووسین کە لە بەرگی یەکەمی پەرتووکی مێژووی وێژەی کوردی، وەرمان گرتووە:

نۆزەر شای کەیان، نۆزەر شای کەیان
شام بێ نە ئەودەم، نۆزەر شای کەیان
شـام بنیـامین بێ چـەگـا نـەزەمـان
وێنـەی کـورد گـوردمەشی نەمەیـدان
سام خاوەند نام و تەدبیر بێ و نیشان
وە پەندش پادشام، دادش کەرعەیان

واتە: شام لەو سەردەمەدا نۆزەر شای کەیان بوو، پیربنیامین لەو دەمەدا، لە قاڵبی ساما بوو، و وەکو کوردێکی پاڵەوان چووە مەیدانی شەرووشۆڕ، سام کە خاوەن ناو و نیشان بوو، بە پەندی ئەو پادشایە خەریکی داد پەروەری بووە.

پیرمیکائیل، لە هۆنراوەیەکی دیکە دا، دەڵێت:

ئەو کۆی عەربەتی، ئەو کۆی عەربەتی
بارگەی شام ویستەن، ئەو کۆی عەربەتی
حرس و نەفس بـــەردەن، ئیمـــان قووەتی
ســاعــەت مـەلۆنـی وەبـەر نـۆبـەتی
سەردیەن گەرمی کەرۆ نابووتی
وەشا پاکەسە ئەو یار بۆ جووتی

واتە: بارگەی خوای تاک و تەنیا لە دێی (عەربەت)دا، دابەزی، تەما و نەوس هێزی بڕوا دەبا و، هەردەمێك کە تێدە پەڕێت، بڕووا کەم دەبێتەوە، ساردی گەرمی لەناو دەبا، خۆزگەم بەو کەسە، کە یارێك دەبێتە هاودەمی.




## پرسە نامە

### بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

**جەنابی مامۆستا: شێخ عیزەدینی حوسەینی**

**سڵاوی خواتان لێبێت**

لەگەڵ ڕازیبونمان بە قەدەری خوای گەورە، بە داخین کە هەواڵی کۆچی دووای کە سایەتی ئاینی ناوداری گەلی کورد، جەنابی مامۆستامەلا (شێخ جەلالەدینی حوسەینی) برا تمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسەو هاوخەمی بە ئێوەی بەڕێز و خانەوادەی کۆچکردوو هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەتان ڕادەگەیەنم.

لە خوای گەورەش داواکارم کۆچکردوو بەبەهەشتی بەرین شاد ببێت و، سەبوری و دڵنەوایش بە ئێوە ببەخشێت، ئەمەش دواین خەم و پەژارەتان بێت.

شێخ عەبدولکەریم شێخولئیسلامی مودەڕیسی بەرزنجی
(مەلا کەریمی بەرزنجی)
خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری بەرزنجە

پەڕاوێز و سەرچاوەکان:



مەرقەدی شێخ عیسا و شێخ موسای نوربەخشی بەرزنجی
و
شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ عیسا ی نوربەخشی


1- دکتۆر (سدیق بۆرەکەیی /سەفی زادە) ، پەرتووکی (مێژووی وێژەی کوردی) ی (بەرگی یەکەم)،ل (213 و 214)،چاپی یەکەم، 1370،ناشر:انتشارات ناجی – بانە کردستان.

2- دکتۆر( مارف خەزنەدار)، پەرتووکی (مێژووی ئەدەبی کوردی)، (بەرگی یەکەم)،دەزگای ئاراس.

3- موحەمەد ئەمین هەورامانی،کاکەیی،لەسەر ئەرکی عەلی بۆسکانی لەچاپ دراوە ،چاپخانەی حەوادس ،بەغداد،1984.

4- ئەیوب ڕۆستەم، یارسان – لیکۆلینەوەیەکی مێژووی دینییە سەبارەت بەکاکەیی،چاپی دووەم،2006ز،لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان.


سەرنج:ئەم بابەتە،یەکێکە لە بابەتەکانی ئینسایکلۆپیدیای (بەرزنجە)،کە کتێبێکی (8بەرگ)ییە و،تائێستا(4بەرگ)ی ئامادەی چاپە و،چاوەڕوانی هاوکاری بەرپرسان و، دۆستانی مێژوو و،ئەدەب دۆستانە تا لە چاپ بدرێت.

*کوردستان – سلێمانی

# زانا کوردەکانی مەدینەی مونەوەرە بەشی دووەم

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی




## زەینەلعابدین

شێخ زەینەلعابدین کوڕی موحەمەدی مەدەنی بەرزنجی کوڕی باباڕەسوڵی گەورەی بەرزنجی یە،و یەکێکە لە زاناو ئەدیب و،ناسراوە کوردەکانی مەدینەی مونەوەرەو،بە داخەوە زانیاری تەواو لەبارەی ژیاننامەکەیەوە نازانین.

خاوەنی چەندین دانراوبووە،لەوانە:

کشف الحجب و الستور عما وقع لاهل المدينه مع امير مكه سرور–خ.

ئەم زانایەمان لە ساڵی (1195ك) ئەم بەرهەمەی داناوەو،لەساڵی (1214ك) کۆچی دوای کردووەو،بۆلای خودای گەورە گەڕاوەتەوە.

## عەلی بەرزنجی

عەلی بەرزنجی یەکێکە لە ئەدیب و،زاناو،کوردە ناسراو و،دیارەکانی مەدینەی مونەوەرەو،ناوی تەواوی:(عەلی کوڕی سەیید حەسەنی شافعی مەدەنی)یە و،بە(بەرزنجی)ناسراوە،لە ساڵی (1133ك) لە (مەدینەی مونەوەرە)لەدایك بووەو،لەسەردەستی (سەیید جەعفەری بەرزنجی)برایدا،پێگەیشتووەو،زانستەکانی

ئەو سەردەمەی خوێندووەو،هاوکات سودی لە زانستی (شێخ عەتا)و(شەهاب ئەحمەد ئەسبولی) و،خەڵکانی تریش وەرگرتووەو،لێیانەوە سوود مەند بووە.

ئەم زاناو ئەدیبەمان خاوەنی چەندین پارچە شێعری جوان و ناسکە و،ئەمەی خوارەوەش نموونەی شێعری شاعیرە:

ايا كوثر العرفان ياخير مرسل
ويا مورد الضمان والعارف الولي
وسلفي حميا الحب من حضرة العلي
ا اظما وانت العذب في كل منهل
واظلم في الدنيا وانت نصيري
حبيب بك الرحمن في الحجر اقسما
وخصك بالتصريف في الارض و السما
اغثنى اذا ما الضيم بالسهم قدرمي
وعار على راعي الحمى وهو في الحمى
اذا ضاع في البيد عقال بعير

ئەم شاعیر و ئەدیب و زانایەمان لە (مەدینەی مونەەرە) و،لە ساڵی (1197ك) کۆچی دووای کرد و،گەڕایەوە بۆلای خودای گەورە.

ئیبراهیم بەرزنجی

ئیبراهیم بەرزنجی کوڕی سەیید موحەمەدی مەدەنی بەرزنجی کوڕی باباڕەسوڵی گەورەی بەرزنجی)یە و،موفتی( مەدینەی مونەوەرە)بووەو،هەرلە (مەدینە)ش لە دایك بووە.

ئەم موفتی و زانا گەورەیەی کورد لای باوکی زانستە شەرعییەکانی خوێندووەو،لە زانست و زانیاری زانایانی ئەو کاتەی مەدینەی مونەوەرەش سودی وەرگرتووە و بەهرەمەند بووە،تایبەتمەندێتی لە زانستی فەرمودە و،گێڕانەوەی فەرمودەدا وەرگرتووە،بەجۆرێك ناسراوبووە،کە فەرمودە ناسانی سەردەمی خۆی دانیان بە زانای ئەم زانا کوردەدا ناوە.

دووای ئەوەی بۆ ماوەیەك لە (مەدینەی مونەوەرە)مایەوە،گەڕایەوە بۆ زێدی باوکی و،هاتەوە بۆ کوردستان و،سەردانی حوجرە و،مەدرەسەکانی گوندی (بەرزنجە)ی کرد،کە لەو کاتەدا چەندین حوجرە و،مەدرەسە لە (بەرزنجە)داهەبوون،وەکو حوجرە و مەدرەسەی (بابا ڕەسوڵی گەورە) و حوجرەو مەدرەسەی (شێخولئیسلامی مودەڕیسی بەرزنجی) و،حوجرە و مەدرەسەی (مەولانائەبوبەکری غەزائی)،چەندین حوجرەو مەدرەسەی تر ،پاشان پاشای (بابان)ەکان،مەدرەسەیەکی بۆ دروست کردو،تیایدا دەستی بە تەدریس و وانە وتنەوە کرد،تا کۆچی دووای کرد.

ئەم زانا گەورەیەی کورد لە دووای خۆی پێنج کوڕی بەناوەکانی (موحەمەد،ئەبوبەکر،عومەر، عوسمان،عەلی)لە دووا بەجێماوەو،دوو کچیش بەناوەکانی (فاتیمە)و(بەڵقیس).

ئەم نەوانەی ئیبراهیمی بەرزنجی،ژمایەکی زۆر نەوەیان لێکەوتۆتەوە،کە بە کوردستان دا

بڵاوبوونەوەو،بەرزنجییەکانی گوندی (بەردە زەرد)لەنەوەی (موحەمەد)ی کوڕی ئەم زانایەی کوردن،وەك باس دەکرێت ئیبراهیمی بەرزنجی خاوەنی چەندین دانراوەو،یەکێك لە دانراوەکانی تایبەت بووە بە ژیاننامە و،زانیاری لەبارەی (بابا ڕەسوڵی گەورەی بەرزنجی)ی باپیرەی.

**سەیید موحەمەد موزەفەری بەرزنجی**

سەیید موحەمەد موزەفەری بەرزنجی،بە (شێخ مەکی)ناسراوەو،یەکێکە لە زانا ناسراو دیارەکانی کورد،کە لە سەدەی دەهەمی هیجری دا،ژیاوەو،دووایی‌یەکانی تەمەنی لە (مەکەی موکەڕەمە) بەسەر بردووە.

ئەم زانایەی کورد،خاوەنی چەندین دانراوە،لەوانە:

**الجانب الغربي في حل مشكلات ابن العربي**

بەش بەحاڵی خۆم،پێموایە ئەم زانایەی کورد،هەمان (موحەمەدی مەدەنی بەرزنجی کوڕی باباڕەسوڵی گەورەی بەرزنجی)بێت،کە بە (موحەمەد شەریفی مەدەنی)و زۆر ناو ونازناوی دیکەش ناسراوە،بەڵام لەبەر ئەوەی دڵنیانەبووین،لێرەدا وەك کەسایەتییەکی سەربەخۆ تۆمارمانکرد،بەڵام لەگەڵ دەست کەوتنی بچوکترین بەڵگەدا،ژیان نامەکە دەخەینە پاڵ ژیاننامەی (موحەمەدی مەدەنی بەرزنجی)والله اعلم.




سەرچاوەکان:
1–الاعلام.:/65.
2–هديه العارفين:770/1.
3–معجم المؤلفين:61/7.
4–سلك الدرر:213/3.
5–علمانا.
6–تاريخ مشاهر كرد.
7–علمانا.

# سوڵتان ئیسحاقی کاکەیی بەرزنجی

## سەدەی هەشتەمی کۆچی

سوڵتان ئیسحاق کوڕە بچوکی حاجی شێخ عیسای نوربەخشی بەرزنجی کوڕی باباعەلی هەمەدانی کوڕی بابایوسفی هەمەدانی یە و، لەسەرچاوەو، دەستنووسەکان دا بەچەندان شێوە ناوی هاتووەو، باسکراوە، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم ناوانەیە کە ئێمە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

- سوڵتان ئیسحاق.
- سوڵتان ئیسحاقی کاکەیی.
- سوڵتان ئیسحاقی کاکەیی بەرزنجی.
- سوڵتان ساقی بەرزنجی کاکەیی.
- سەیید ئیسحاق.
- سان سەهاکی بەرزنجی.
- سوڵتان.
- سوڵتانی حەقیقەت.

ئەم زاناو، شاعیر و پێشەوا ئاینی یە، لە ژنی دووەمی (شێخ عیسای بەرزنجی)یە، کە ناوی (دایرەك خاتوونی کچی حسەین بەگی جەڵد)بووەو، (شێخ عیسا)دووای ساڵی(700ك) ژنی دووەمی هێناوەو، نۆ(9) کوڕی لێی بووە.

هەرچی ساڵی لەدایك بوون و، مردن و، ماوەی ژیانی سوڵتانە، کە منالێکی بلیمەتبووەو، لە بنەماڵەیەکی ئاینی و، ڕەسەنی کوردەواری بووە، جێگەی مشت و مڕەو، قسە زۆر هەڵدەگرێت و، لە مبارەیەوە قسەیەکی زۆریش کراوەو، هەریەکە و بەگوێرەی بۆچوونی خۆی، یان بە پێی ئەو بەڵگەو دەستنووسانەی لەبەردەستدا بووە، لێکی داوەتەوەو، ئێمەش هەوڵدەدەین، بەبەراوردی سەرچاوەو، دەستنووسەکان، بۆچوونی خۆمان دەربڕین و، هەوڵیش بدەین هەڵەکان ڕاست بکەینەوە، بەم شێوەیە:

- (حاجی نور عەلی) لە پەرتووکی(بوورهانی حەق)دا، بۆ ساڵی لەدایك بوونی (سوڵتان ئیسحاق) سەدەی (حەوتەمی کۆچی) داناوەو، بۆ ساڵی مردنیشی سەدەی (هەشتەمی کۆچی).
- (سیسیل جۆن ئیدمۆنز) لە پەرتووکی (کورد، تورك، عەرەب)دا، کە(حامید گەوهەری)کردوویەتی بەکوردی، ساڵی (671ك)بۆ لەدایك بوونی(سوڵتان)داناوەو، ئاماژەی بەوەکردووە، کە دووای (40ساڵ) و، لەساڵی(716ك)کاکەیی دامەزراوە.
- (دکتۆر سدیق بۆرەکەیی/سەفی زادە) لە پەرتووکی (مەشاهیری ئەهلی حەق)دا، ئاماژەی بەچەند ساڵێك داوە، بەم شێوەیە:

*بەگوێرەی دەستنووسێکی (کاکارەدائی)،کە نووسەرێکی ئاینی(کاکەیی)بووە،ساڵی (445ک) بۆ لەدایك بوون و،ساڵی (588ك) بۆ مردنی (سوڵتان ئیسحاق)دانراوە.

*بەگوێرەی دەستنووسێکی دیکە کەنووسەرەکەی دیارنییە،ساڵی(612ك) بۆ لەدایك بوونی دانراوەو،ساڵی مردنی سوڵتان نەنووسراوە.




*لە( شانامەی حەقیقەت )دا،ساڵی( 612ك ) بۆ لەدایك بوون و،ساڵی( 912ك )یش بەساڵی مردنی (سوڵتان ئیسحاق )نووسراوە.

- ( ماشائەڵڵاسوری )لە پەرتووکی( سرودەهای یارسان )دا،ساڵی ( 528ك ) بۆ لەدایك بوونی (سان سەهاکی بەرزنجی ) و ساڵی ( 628ك ) بۆ مردنی (سان سەهاك ) دانراوە.

- (دکتۆر سدیق بۆرەکەیی/سەفی زادە )لە پەرتووکی (وێژەی کوردی) ی، بەرگی یەکەم دا،دەنووسێت :(بەگوێرەی دەفتەرێکی سەرئە نجام ساڵی ( 528ك )ساڵی لە دایك بوونی (سان سەهاك)ە و،ساڵی (628ك) ساڵی مردنێتی.

- لەسەرچاوەکەی پێشوودا،(دکتۆر سدیق بۆرەکەیی/سەفی زادە )ئاماژە بەوە دەکات،کە لە پەراوی (کورتەی سەرئە نجام )دا،ساڵی ( 560ك ) بۆ لەدایك بوونی (سوڵتان ئیسحاق ) تۆمارکراوە.

- (دکتۆر مارف خەزنەدار)لەبەرگی یەکەمی( مێژووی ئەدەبی کوردی )یەکەی دا،ساڵی (671ك) بۆ لەدایك بوونی (سوڵتان ئیسحاق) و،ساڵی ( 791ك ) بۆ مردنی تۆمار دەکات.

- (هادی ڕەشید بەهمەنی) لە پەرتووکی (پەیامی هەورامان)دا،ساڵی (1287ز-1387ز)بۆ ساڵی لەدایك بوون و مردنی (سان سەهاك )تۆماردەکات.

- دووای ئەوەی چاوم بەهەموو ئەو سەرچاوە و دەستنووسانە داخشاند،کەلەبەردەست بوون و لەزانیارییەکانیان وردبوومەوە،گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە قسەکانی (د.موحەمەد موکری /1921-....)ی،کە (مێژوو نوسێکی ئاینی یە و،هاوکات زمانەوان و پرۆفیسۆر و مامۆستای لێکۆڵینەوەیە لە ناوەندی لێکۆڵینەوە

زانستییەکانی فەڕەنسا CNRS ولەتارانیش مامۆستای زمان و ئەدەبیات بووە)ڕاستترین و دروستترین ماوەیە بۆ ژیانی (سوڵتان ئیسحاق) کە لەبابەتی (مۆسیقای پیرۆز لای کوردەکانی ئەهلی حەق)دا و سەدەی (پانزە)ی بەماوەی ژیانی (سوڵتان سەهاك)دەست نیشان کردووەو، لە پەرتووکی (شانامەی حەقیقەت)یش دا، نووسیویەتی:(سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسا لەسەدەی هەشتەمی کۆچی دا ئەژیا) ونووسەری کاکەیش، بەڕێز( هەردەوێڵ کاکەیی) لە پەرتووکی (شاعیرە ناودارەکانی کاکەیی)دا، ساڵی (716ك) یان (718ك) بۆ لەدایك بوونی (سوڵتان)دەستنیشان کردووەو، بێگومان بۆ چوونی (موکری و کاکەیی)یش، ڕاستترین و دروستترینن و، هەندێك بۆ چوونی دیکەش لە بۆچوونەکانی (د.موحەمەد موکری و هەردەوێلکاکەیی)یەوە نزیکە.

لەبەرئەوەی (سوڵتان) لە ناو بنەماڵەیەکی ئاینی دا لە دایك بووە، هەرلەتەمەنی منداڵییەوە دەستی کردووە بە خوێندن و سەرەتای ئەم خوێندنەشی لای (حاجی مەلا عیسای نوربەخشی بەرزنجی)باوکی و، (مەلا عەبدولکەریمی بەرزنجی) برای و، (حاجی خاڵی کاژاوی) بووەو، سەرەتا دەستی بەلەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و ، خوێندنی کتێبە وردەڵەکان کردووەو، پاشان بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی چۆتە لای (مەلا ئیلیاسی شارەزووری) و، (نەح و سەرف و بەلاغە و تەجوید) ی لا خویندووەو، پاشان بۆ خوێندنی (فیقهی ئیسلامی) ڕۆیشتووە بۆ (قوتابخانەی نیزامییە) ی (بەغداد) و لەوێشەوە چۆتە (شام و مەکە و مەدینە) و زۆر شوێنی دیکەش گەراوە و، وەك باسکراوە توانیوویەتی هەموو قورئانی پیرۆز لەبەر بکات و، لە زانستی فەرموودەش دا ببێتە کەسێکی زانا و مامۆستا، پاشان حەجی کردووەو، گەڕاوەتەوە بۆ (بەرزنجە) وبە ڕێنووینی و ئیرشادەوە ژیانی گوزەراندووەو، خەرقەی (تەریقەتی نووربەخشی) ی پۆشیووەو، لە باوکییەوە ئەم تەریقەتەی وەرگرتووە.




دووای ئەوەی بەشێکی تەمەنی لە گوندی(بەرزنجە) دا، بەڕێکرد، ئەوێی بەجێهێشت و، ڕووی کردە (هەورامان) و، لە( پردیوەر)ی نزیك

(دەودان)نیشتەجێ بوو،لەوێ،لەگەڵ کەسایەتییەکی ئاینی بەناوی (پیر میکائیلی دەودانی)ئاشنابوو،لەمبارەیەوە مامۆستا (موحەمەد ئەمین هەورامانی) لە پەرتووکی (کاکەیی)دا، دەنووسێت:(سوڵتان و پیرمیکائیلی ئامۆزای ئاشتیان دەبێتەوەو،بەم بۆنەیەوە،شارا(یان سارا) ی کچی دێنێ بۆ خزمەت (سوڵتان) بۆ ئەوەی ئەولای بێ و خزمەتی بکات).

بەلاّم بۆ هۆکاری کۆچەکەی بۆچوونی جیاواز و،فرە ڕایی لەبەردەست دایە و،ئەستەمە بتوانین بە بنبەست بگەین،وەلێ بەپێویستی دەزانم هەندێك لەم بۆچونانە ئاماژە پێبدەم،بەنمونە(هادی بەهمەنی) لەم بارەیەوە دەڵێت:(خێزانی شێخ عیسا ناسراو بە خێزانێکی بە دینی ئەولیا،وە هەڵکەوتنی بیرێکی وەها لەناویان دا لەلایەن کوڕێکەوە نباوبووە بۆ شان و شەوکەتی ئەو بنەماڵەیە و،ئەویش لەسەر ڕای خۆی وازی نەهێنابێت،لەوانەیە باوکی پێی وتبێت بڕۆ لە شوێنێکی دیکە ئەو بیر و ڕایەت بڵاوبکەرەوە)، بۆیە ئەویش کۆچی کردو،(جەمخانە – مزگەوت)ێکی دروستکرد و،کەوتە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی.بەلاّم (دکتۆر سدیق بۆرەکەیی)لەمبارەیەوە بۆچونێکی دیکە دەخاتە ڕوو،لەبەرگی یەکەمی مێژووی ویژەی کوردیدا،دەنوسێ :(لەبەرئەوەی لەگەڵ براکانیا ناحەزی بووە،ناچار ڕوی کردۆتە (هەورامان) و چۆتە دێی (شێخان) و،لەوێدا ڕێ و ڕچەیەکی بەناوی (یاری) دامەزراندووەو، پاشماوەی ژیانی بە ڕێنوێنی خەڵك بردۆتەسەر تا کۆچی دووای کردووە.)،بەلاّم هەندێك کەسی تر پێیان وایە ،کە(براکانی بەغیلییان پێبردووە،کاتێك ئەم لەلایەن باوکییەوە زیاتر ڕێزی لێگیراوەو،گرنگی زیاتری پێدراوەو،ئەمەش لە چیرۆکی پێغەمبەر یوسف (د.خ)دەچێت).

دووای ئەوەی (سوڵتان) کۆچی کردوو بەیەکجاری لە (هەورامان)دا نیشتەجێ بوو،بڕیاری هاوسەرگیری دا و،لەگەڵ (بەشیرە خاتوونی کچی میر خەسرەوی لوڕستانی) چووە ژیانی هاوسەرییەوەو،حەوت کوڕی لێی بوو،کە ئەمەش ناوی کوڕەکانێتی:(ئەحمەد کە بەمیری سور ناسراوە،مستەفا،موحەمەدی گەورەسوار،عەبدولوەفا،شەهابەدین،حەبیب شا،بابا عیسا کە بە حاجی باوەیسێ یان حاجی باوەیسێ ی عەلەمدار ناسراوە).

جێگەی ئاماژەیە کە هەریەکێك لە کوڕەکانی بە پێشەواو ڕێبەر و پیرێکی تەریقەتی یان ئاین یان ئاینزای (کاکەیی) دادەنرێت،و هەریەکەیان بوونەتە سەرلق و ڕشتەی دروستبوونی چەند بنەماڵەیەکی سەربەخۆ، بەم شێوەیە :

- نەوەکانی (ئەحمەدی میری سوری) بە (میری)ناسراون.
- نەوەکانی (مستەفا) بە (مستەفایی) ناویان دەرکردووە.
- نەوەکانی (بابا عیسا)بە (حاجی باوەیسێ) ناسراون.

- نەوەکانی (موحەمەدی گەورەسوار) بەناوی (ئیبراهیمی کوڕی موحەمەد)ەوەناسراون بە (ئیبراهیمی).
- نەوەکانی (عەبدولوەفا) ش بەناوی (خامۆشی کوڕی عەبدولوەفا)وە ناسراون و، پێیان دەوترێت (خامۆشی).




لێرەوە پەیوەندی تەواو لەنێوان (کاکەیی) و(سان سەهاکی بەرزنجی) دا،دروست دەبێت و،هەندێك بە ڕێکخەرەوەی ڕێ و ڕچەی (یارسان)ناوی دەبەن و،هەندێکیش بە دامەزرێنەری ئەو ڕێ و ڕچەیەی دەزانن،وەك چۆن هەندێك نوسەر و لێکۆلیار و ئایینناسیش،(کاکەیی) بە ڕێ و ڕچە یان ئاینزا(مەزهەب) نازانن و،بە ئاینێکی سەربەخۆ ناوی دەهێنن،بەلام (سان سەهاك) دامەزرێنەربێت،یان نوێکەرەوە،کاریگەرییەکی زۆر گەورەی بۆ سەر (کاکەیی)هەبووە،هەر لەناونانی (کاکەیی)ەوە،بگرە هەتاوەکو ڕێکخستن و،دانانی بنەماڵەکانی ئەم ڕێ و ڕچەیە .بۆیە لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە کارەکانی (سان سەهاك)دەکەین و، لەچەند خاڵێکدا ڕوونی دەکەینەوە:

یەکەم://بە بۆچونی (هادی ڕەشید بەهمەنی)، پیری کاکەیی(سان سەهاکی بەرزنجی)ئەم سێ کارە گرنگەی ئەنجامداوە:

1- بوژانەوەو پەرەپێدانی سەرلەنوێی دینی یارسان.
2- دروستکردنی جەمخانە و،کۆبوونەوەی هەفتانە لە وێدا بۆ خوا پەرستی.
3- دامەزراندن و ناونانی خانەدانانی یارسان.

دووە://بە بۆچونی (د.سدیق بۆرەکەیی) کەلە پەرتووکی (کاکەییەکان و ڕچەکەیان) دا،ئاماژەی پێداوە،(سوڵتان ئیسحاق) چەند کارێکی زۆر گرنگی ئەنجامداوە،کەلەچەند خاڵێکدا کورتیان دەکەینەوە:

1-(سان سەهاکی بەرزنجی) حەوت بنەماڵەی بەناوەکانی (شا ئیبراهیمی، یادگاری، خامۆشی، عالی قەلەندەری، میرە سوری، مستەفایی، حاجی باوەیسی)دامەزراند و ،لە پاش ئەو، لەسەدەکانی (11و12و13ك)دا، چواربنەماڵەی تریش بەناوەکانی (زەنوری، ئاتەشبەگی، شا

هەیاسی،بابا حەیدەری)دەمەزرا و،ئێستا لە ڕێ و ڕچەی یاری دا یانزە (11) بنەماڵە هەیە.

2-یەکێك لە کارەکانی تری (سان سەهاك) گرتنی سێ (3) ڕۆژ ڕۆژووە،کەلەسەر هەر یارییەك پێویستە هەموو ساڵێك سێ(3) ڕۆژ ڕۆژوو بگرێت،کاتی گرتنی ئەم ڕۆژووە لە دووانزە هەمی مانگی ڕێبەندانەوە دەست پێدەکات ،تا چواردەهەمی ئەو مانگە.

3- پێکهێنانی جەم و کۆبونەوە لە جەمخانەدا.

4-سان سەهاك یاران ولایەنگرانی خۆی بە پانزە تاقم دابەش کردووەو،بۆ هەرکامێکیان ئەرکێکی تایبەتی داناوە،کە ئەمانە بەرلە بەدیهێنانی جیهان و مرۆ خوڵقێنراون و،ناوی ئەو تاقمانە بەم جۆرەیە:(چوار فریشتە،حەوت تەن،حەوتەوانە و یارانی قەوەڵتاس،حەفتاو دوو پیر،نەوەد و نۆ پیری شاهۆ،حەوت خەلیفە،حەوت مجێور،حەوت حەوتەوان،چل تەنان،چل چل تەنان،نەوەدو نۆ تەن،شەست و شەش غولامی کەمەر زێڕین،هەزار و یەك بەندە،بەیوەر هەزار بەندە،بێوەند بەندە).

5-ئەو پەرتووکانەی کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی دا،بەهۆی سان سەهاك و یارەکانییەوە دانراون بریتین لە:(دەورەی حەوتەوانە،بارگە بارگە،گلێم وەکۆڵ،دەورەی چل تەن،دەورەی عابدین،وردە سەرئە نجام،کورتەی سەرئە نجام،دەفتەری پردیوەر،دەفتەری ساوا،دەفتەری دیوان گەورە،دەورەی دامیار،دامیار دامیار،زوڵاڵ زوڵاڵ)کە گرنگترین و بای دارترینی ئەو نووسراوانە پەرتووکی (سەرئە نجام)ە،کە بەڕاستی دەتوانین ئەو پەرتووکانە بە بناغەی وێژەی کوردی دابنێین.چونکە یارییەکان زمانی گۆرانی بەزمانی ئاینی دادەنێن،کە زمانی سان (سەهاکی بەرزنجی) بووە.

6- پردیوەر ئەوپردەیە کە (سان سەهاکی بەرزنجی)و یارەکانی بەسەر (سیروان)دا لە ڕێی (شێخان) بەستوویانە و،یارییەکان لایان وایە،کە ئەو کەسەی گیانی (دۆنی)هەزار و یەك لەش بگەڕێ و، پاك بێ،لەدوای هەزار و یەك لەش بەسەر پردیوەردا تێدەپەڕێت و،هەمیشە نەمر دەبێت و،ئەڕواتە بەهەشت کەلە شارەزوور دایە،بەڵام گوناهکاران ناتوانن بەسەر ئەو پردەدا تێپەڕن.

سێهەم://بە بۆچونی (ئەیوب ڕۆستەم)یش،کەلاپەڕە (110-111) پەرتوکی (یارسان)دا ئاماژەی پێداوە،کارە گرنگەکانی (سان سەهاکی بەرزنجی)لە پێناو ڕێکخستنەوەی ڕێ و ڕچەی (یارسان) دا،ئەمانەن:

1-ڕازی یارێتی فێری خەڵك کردووە.

2-یاران و لایەنگرانی خۆی کردووە بە پانزە بەشەوەو،بۆهەربەشێکیان ئەرکێکی تایبەتی دیاری کردووە.

3- پێکهێنانی (جەم)و،باوبرەوی گوێزشکاندنی ڕێکخستووە.گوێزشکاندن یەکێکە لە نەریتە دینییەکانی یارسان و،لەناویاندا پیرۆزییەکی گەورەی هەیە.

4-دیاری کردنی (سێ ڕۆژ) بۆ ڕۆژوو گرتن و،دیاری کردنی ڕێوڕەسمی جەژن.

5-دیاری کردنی سروتە دینییەکان و،خوێندنەوەی شێعر و،ژەنینی تەمبور لەکاتی سروتەکان دا،هەروەها بە فەرمانی ئەو تەواوی ڕەوشتە دینییەکانی یارسان وەك:(تەڵقینی مردوو،خۆشتن،قوربانی کردن،دەستگیربوون،.... )بەشێعر هۆنرانەوە.

دیارە زۆر کاکەیی و کاکەیناس و،مێژوو نووس و،مێژووناس و،ئاییناسی دیکە،لەبارەی ڕۆڵی (سوڵتان ئیسحاق) و کاریگەرییەکانی و،کارە گرنگەکانی لە ئاینی (یارسان)دا،دوواوەو،بە پێویستی نازانم بۆچوون و،زانیارییەکانی هەموو ئەو کەسانە بهێنمەوە،چونکە باسەکەی ئێمە تایبەتە بە ژیاننامەی (سان سەهاکی بەرزنجی)،نەك ئاین یان ئانزاو،ڕێوڕچەی (کاکەیی)و،ئەو زانیارییەکەمانەش لە بارەی (سان سەهاك و کاکەیی) دەیخەینە ڕوو،هۆکارەکەی ئەوەیە کە بەشێکی گەورەوگرنگن لە ژیانی (سوڵتان ئیسحاق).

ئەگەر چاوێك بخشێنین بەو سەرچاوانەی لەبارەی ئاین یان ئاینزا و ڕێ و ڕچەی کاکەییەوە نوسراوە،بۆمان ڕوندەبێتەوە ،کەچەند ناوێکی ئەم ئاین یان ئاینزا و ڕێ و ڕچەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی (سوڵتان ئیسحاق)ەوە هەیە و،ناتوانین فەرامۆشیان بکەین و،لەبارەیانەوە هیچ نەڵێین،چونکە بونەتە بەشێك لە ژیانی (سوڵتان) و،لێی جیانابنەوە،ئەو ناوانەش ئەمانەن:(کاکەیی،یاری،یارسان،یاری سان)کە هەریەکەیان قسەی زۆری لەبارەوە کراوەو،بۆچوونی جیاوازیش لە نێوان نوسەران و مێژوونوسان و،ڕۆشنبیرانی بوارەکە دا هەیەو،بە پێویستی دەزانم بە کورتی تیشك بخەمە سەریان:

یەکەم://کاکەیی،زۆربەی شارەزایانی بوارەکە باس لەوە دەکەن کە وشەی (کاکەیی) لە ڕازی درێژکردنی ئەو دارەوە هاتووە،کە لەکاتی دروستکردنی (مزگەوت و حوجرە و تەکییەی بەرزنجە)داڕووی داوەو،گوایە یەکێك لەودارانەی کە ویستراوە لە دارە ڕای (حوجرەو مزگەوت و تەکیەکە)دا بەکاربهێنرێت کورتبووەو، (سوڵتان)یش سەرێکی دارەکەی گرتووەو،سەرەکەی دیکەشی بەدەستی برایەکییەوە بووەو،بەبراکەی وتووە(کاکە،ڕاییکێشە) و،بەمەش دارەکە درێژبووەو،ئیدی لەمەوە ناوی (کاکەیی)پەیدابووە.

ئێمەش دەڵێین:(مزگەوتی (بەرزنجە) لەساڵی (686ك)دا،دروستکراوەو،ئەوکاتە (سوڵتان ئیسحاق) هەر لەدایك نەبووە،وڕاستتر بڵێم:ئەوکاتە (شێخ عیسای بەرزنجی) باوکی (سوڵتان) هەرژنی نەهێناوە،ئیدی ئەم بۆچونە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە..؟!!!نازانم و هیچم بۆ ڕوون نەبویەوە.

هەرچی ئەو بۆچەنەشە کە پێی وایە،ڕازی درێژبوونی دارەکە لەکاتی نوێکردنەوەی مزگەوت و تەکیەی (بەرزنجە)دا بووە،نەك لەکاتی دروستکردنی دا،بەمەش وشەو ناوی (کاکەیی) لەکاتی نوێکردنەوەی مزگەوتەکەوە

دروستووە..!!وەلێ بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم بەو ئەفسانە گەورەیە نییەو،مامۆستا (موحەمەد ئەمین هەورامانی)یش لە لاپەڕە (68)ی پەرتووکی (کاکەیی)دا،زۆر بەوردی و بەجوانی و،بەشێوەیەکی زانستییانە وەلامی ئەم بۆچونە دەداتەوەو،دەنووسێت:(بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەو بیرو ڕایەدا نیم،چونکە بڕوام بە ئەفسانەی وەها نییە و،ئەگەر – بابڵێین – باوەڕیشم پێی هەبێت،دەبێت ئەو وەختە و،بەو پێ یە بەهەموو وەچەزاکانی (شێخ عیسێ و شێخ موسێ )یاخود هیچ نەبێت بەوانەی (شێخ عیسێ) بوترێت(کاکەیی)کە ئەمەش زۆر دوورە،چە لە ڕاستییەوەو،چە لە واقیعیشەوە.).

هەرچی بۆچوونی سێهەمیشە،وای دادەنێن کە وشەی (کاکەیی) لەبەرامبەر وشەی (الاخیە)ی عەرەبیدا دانراوەو،بەکارهاتووە،کە پێموابێت ئەم بۆچونە ناجۆر و نادروستە.چونکە هیچ هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی کە (کاکەیی) لە جێگەی (الاخیە) بەکارهاتبێت.

بۆچونی چوارەم،کە بۆچوونی مامۆستا(بەهرۆز)ەو،لە بابەتی(سوڵتانی حەقیقەت)دا،لە گۆڤاری (هەڵەبجە)ی ژمارە(12)دا،بڵاوی کردۆتەوە،و کەسانێکی دیکەش ئەم بۆچونەیان هەیە،کە گوایە وشەی (کاکەیی) لەو ئایەتە پیرۆزەی قورئانەوە هاتووە،کە دەفەموێت:(انما المؤمنون اخوة) واتە:(هەموو ئیمانداران برای یەکن)،هەروەها لە ئایەتێکی تردا هاتووە:(کونو عبادالله الاخوانا).

لەناو هەموو بۆچونەکاندا،تەنها لەگەڵ بۆچوونی چوارەم دا یەکدەگرمەوە،لەبەرئەوەی (سوڵتان ئیسحاق)ی دامەزرێنەر یان نوێکەرەوەی (کاکەیی)،شارە زاییەکی زۆری لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هەبووەو،وەك دەڵێن:(هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە.)وراڤەی فەرمودە و،بنەمای فیقهی ئیسلامیشی خوێندووەو،لە بنەماڵەیەکی ئاینی ناسراوی کوردستانیش بووە،وەلێ بە گوێرەی تێگەیشتن لە مێژووی (بەرزنجە) و (کاکەیی)یەکانیش هیچ کام لەو سێ بۆچونەی یەکەم ڕاست نین و،ناوی کاکەیی لە هیچ کام لەو ڕووداوانەوە نەهاتووەو،زۆربەی سەرچاوەکان یان دروستتربلێم هەموو سەرچاوەکان بەهەڵەدا چوون،بەڵکو لەناوی تیرەی (کاکە)وە هاتووە،کە تیرەیەکی سەربەخۆن و،بەشێکن لە بنەماڵەی (بەرزنجی) ودەچنەوە سەر میرئەحمەدی میرەسور) و سەرەتا لە بەرزنجە دا دنیشتوون و،نەوەکانیان لە (بەرزنجە) دا بەبەرەی (کاکە)ناسراون و،بەهۆی ئەوەی ئەم (میرە ئەحمەدی میرە سورە) بە دووای (سوڵتان ئیسحاق)دا ڕۆیشتووەو،تەنها چەند نەوەیەکی لە (بەرزنجە) دا جێهێشتووە،ئیدی بووە بەهاوەڵی (سان سەهاك) و،(سوڵتان)یش وەکو ڕێزێك بە (کاکە)ناوی بردووەو،پێش ئەوەی (بەرزنجە)ش جێبهێڵن و،بڕۆنە ( پردیوەر)و(شێخان)نازناوی خۆی (کاکەمیر) یان(میر کاکە)بووەو،نازناوی نەوەکانیشیان(کاکە)بووەو،وشەی (کاکە)لەناو

ئەم بەرەوبنەماڵەیەی (بەرزنجە)دا باوبووەو،وشەی (کاکە)لە کۆتای ناوەکانیانەوەبووە،ئەوەی جێگەی ئاماژەیە،ئەوەیە کە هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدانییە بۆ ئەوەی کە ئاخۆ ئەو بەرەو بنەماڵەیەی (کاکە) کۆتاییان پێهاتووە،یان نا،یاخوود ئاخۆ ئەو بەرەو بنەماڵەیەی (کاکە)،کە ئێستالە (بەرزنجە)دا هەن،هەمان بنەماڵەن یان نا...!!!!.واللە اعلم.

میر ئەحمەدی میرە سوور و هەندێك لەنەوەکانی چونە سەر ڕێ و ڕچەی کاکەیی و،هەندێکیشیان لەبەرزنجە و (میری سور) و دەوروبەریدا مانەوەو،نەچونە سەر ڕێ و ڕچەی (کاکەیی) و دوور لە ڕێ و ڕچەی (یارسان)ی بوون.

کەواتە شیاوتر ئەوەیە بڵێین ،ناوی (کاکەیی) لەبەردەوام بەکارهێنانی وشەی (کاکە)وە هاتووە،کە ناوی بەرەیەکی (بەرزنجە)یە و،سەرلقی ئەم بەرەیەش کە (میرە سور)ە،بەرزنجەی جێهێشتووەو بووە بەهاوەڵ و پشتیوان و،یارمەتی دەر و بەرگری کەری (سوڵتان سەهاکی بەرزنجی) نوێکەرەوە یان دامەزرێنەری ڕێ و ڕچەی (کاکەیی).

بۆ ئەو بۆچونەی مامۆستا (بەهرۆز) یش کە هێنانەوەی دوو ئایەتی قورئانی پیرۆزەو، پێی وایە وشە و ناوی (کاکەیی) لەو ئایەتانە هەڵێنجراوە،بۆچونێکی دروستە و،بەلای منەوە،ئەگەری دووەمە،چونکە سوڵتان بەشێکی زۆری ژیانی بەدیراسەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بەڕێکردووەو،وەك باس دەکرێت هەموو قورئانیشی لەبەر بووە،وەلێ زیاتر بۆ ئەوە دەچم،کە لەناوی بنەماڵەو بەرەی (کاکە)وە هاتبێت.واللە اعلم.

لە (سان سەهاك)ەوە،دیوانە شێعرێکی بەرزوو بێوێنە ماوەتەوە،کە ژمارەیەکی زۆر هۆنراوەی جوان و بەنرخی تێدایە،کە خوێنەواری و گەورەی ئەم زانا و هۆنەر و پێشەوا ئاینی یە دەردەخەن و،زۆربەی هۆنراوەکانیشی تاییەتە بە ڕێ و ڕچەی (یارسان) ی و،بۆڕێکخستنەوەو دامەزراندنەوە و،دابەشکردنی ئەرك و کارەکانی ڕێ و ڕچەی (کاکەیی)وتوونی،وەلێ جێگەی خۆیەتی وەکو بەشێك لە ژیانی سوڵتان،ئاماژە بەچەند پارچە شێعرێکی بکەین.

سوڵتان لە پارچە هەڵبەستێك دا،ڕوودەکاتە (داوود) ،کە یەکێکە لەیارەکانی و پێی دەڵێت:(ئەی (داوود) شێخ (عیسا) باوکمەو،شێخ و بەرزنجە لە جیاتی حەج و کەعبەی منەو،ئەمانەم گەلێك لەلا پیرۆزە،وەئێستاکە دووایین ڕۆڵەم پەیمانم لەگەڵدا دەبەستێت و،پیربنیامینیشم بۆ پیرێتی خەڵك تەرخان کردووەو،ئەو ئەتوانێ لەلای من بۆ خەڵك تکا بکات).(1)،ئەمەش شێعرەکەیە:

عیـــــسی باوەما،عیسی باوەما
داوود تـــۆ بزا،عیـــسی بـــاوەما
شێخ و بەرزنجە،حاجی و کـــاوەما
چێگا ئـــاخر مۆر فـــەرزەن لاوەمـــا
ڕەجـــاچـــی بنیـــام،چێـــوەر هاوەما.

سان سەهاك لە هۆنراوەیەکی دیکە دا،ئاماژە بەوە دەکات،کە(هەرکەسێك دەبێت با و ئاگر و خاك

لەچەپەلی و پیسی بپارێزێت و،کاری ئەمرۆ نەخاتە سبەی و،دزی نەکا و، خۆی لە داوێن پیسی دووربخاتەوەو،بەڵێن و پەیمانی لەبیرنەچێت و،هەتا ئەتوانێت چاکە بکات و،خۆی لە خراپە بپارێزێت، چونکە ڕێ و ڕەوشتی یاری لەسەر پاکی و ڕاستی و ڕەوشت و بەخشش و لەناوبردنی فیز و هەوا دانراوە) و،ئەمەش شێعرەکەی سوڵتانە.(2).

یــاری چوارچشتەن بــاوەڕی وەجا
پـــاکی و ڕاستـــی و نیستی و ڕەدا.

لەهۆنراوەیەکی دیکە دا،کە تایبەتە بە (سەرسپاردن) وبەسرودی سەرسپاردن ناسراوەو،ناوی دەهێنرێت، سوڵتانی حەقیقەت دەفەمووێت:

بێ گاوان گاوێ،بێ گاوان گاوێ
گاوی بێ گاوان،بێ گاوان گاوێ

تاسەر نەسپاردن کەردە و لاوێ
تاحەق نەشناسن دوونەگشت باوێ

هـــەرسەرێ نەلـــۆ وەحزوور جەم
نەسە نجۆ وەدەست خەلیفە وخادەم

بێ شك ئەو سەرە وەتۆمارنییەن
نەرۆژ حەســاو وەشـــمار نییەن

تۆمار پیرمووسی،قەڵەم باقییەن
جـــەم چلانە بنـــیام ساقییـــەن

ڕەهبەر داودەن دەس دامانگیر
تەکبیرچی باتین بنیامین پیر

جـــۆز نەگژنـــێژ عـەرەق بنیـــام
ئاوەردەن وەجەم پەرێ سەرئە نجام

جام نەدڵی جۆز،جۆز نەدڵی جام
نیازم زات بی چوار کەس دەرهام

شەرت دام وەبنیام ،حەق دام وەرەزبـار
دەفتــەر پیـــرمووسی،ناز وەیــادگار

ڕەهبەر داودەن چل تەنیش وەشوون
پەڕچینش ئەڵماس حەق وە دونادوون

ئەوا هاوڕازێ ببۆ بەهامتام
بنیام مەغز جام، جام مەغز بنیام

زکر کەران نەجەم غولامان تەمام
نەرای مەغز دوور مەوی خاس و عام
نەوام عەتر جۆز، جۆز عەتر نەوام
غولامان گـردەن قەوا وە قـــەوام

جۆزم شکەنا،سەریچم سپەرد
پۆسم پاچنا مەغزم بەراوەرد

واتە گای بێ گاوان،و بێشووان،هەموو دەم لەدەشت و کێوا ئاوارەو دەربەدەر دەبێت ،کەواتە ئێوەش تا سەرتان بە پیرێك نەسپێرن،ئاوارە و سەرگەردان دەبن و،تا خوانەناسن لە گشت ڕێ و

ڕەوشتێك بێبەرین،هەرسەرێك نەرواتە جەم،بەدەستی خەلیفە و،خادمەوە هەڵنەسەنگێ،بێشك ناوی ئەو سەرە بەچاکی لە دەفتەرا نانووسرێت،دەفتەر وابەدەستی پیر موسی،جەمیش هابەدەستی بنیامین و،داودیش ڕێ بەر و تکاکاری خەڵکە،گوێز دەهێنرێتە ناو جەم دەبێت بیشکێنن و،بەناو خەڵك دا بڵاوی بکەنەوە،ئەمن پەیمانی خەڵکم دا بە بنیامین و،ڕاستیم دا بە ڕەمزبار و،دەفتەرم دا بە پیرموسی و،نازم دا بە بابا یادگار ،داوود ڕێبەرە و چل کەسی بە شوێنەوەیە و،وەکو پەرچینی ئەڵماس وایە،کەواتە نابێت کەسێك لە فەرمانی ئەوان سەرپێچی بکات،دڵی بنیامین پڕ لە خواناسییە و،خوڵامان و بەندەکان دەبێت لە جەم دا ستایشی خوابکەن و،هەر لە خوا بپارێنەوە،هەرکەسێك لە ژیاندا دەبێت گوێزێك بشکێنێ و،سەری خۆی بە پیرێك بسپێرێ و،بڕووا بە گەورەی خوا بهێنێت.( 3 ).

شیکردنەوەی ئەم شێعرەی سەرەوە لەلایەن ( دکتۆر سدیق بۆرەکەیی/سەفی زادە )وە ئە نجام دراوە،لە پەرتووکی ( مێژووی وێژەی کوردی )دا،وەلێ پێموابێت بەرێزیان لە مانای وشەی ( گا )یان(گاو/گاوێ ) دا بەهەڵەدا چوون و،مەبەستی ( سوڵتان ئیسحاق ) شتێکی ترە،کە ئەویش (گیان – ژیان ) ەو،وشەکە ئاڤێستاییە و،لەکۆندا بەماناکانی (گیان و ژیان ) بەکاربراوەو، پێدەچێت مەبەستی سوڵتانیش هەرهەمان ماناو مەبەست بێت و،مەبەستی سوڵتان ( ژیان و گیانی بێ پێشەواو شوان و ڕێبەر ) بێت و،لەوانەشە ئێمە هەڵەبین و شیکردنەوەکەی بۆرەکەی ڕاست و دروست بێت...!!!.

سان سەهاك لە پارچە شیعرێکی دیکەدا،کە پڕە لە وێنە گەلی عیرفانی وفەلسەفی دەڵێت:

سیم نەجای تەلاّ،سیم نەجای تەلا
سەراف نەگرتەن سیم نەجای تەلاّ

تەلاّنە جای سیم نەدا نمان سەلاّ
دووڕ نەجای سەدەف نەمیرۆ هەڵا

شـورنەجای بلـور نـەدانش جەلاّ
سەنگیش نمەوۆ وە قوولوو قەڵا

هەرکە نەجای وێش سەلاّش هەن جەلاّ
هـــەنـــقـــام زیـــایی مـــاوەرۆ بەلاّ

سان سەهاکی بەرزنجی،کە کەسایەتییەکی ئاینی ناسرا و،زانا و شاعیر و پێشەوای تەریقەت و،شێخی ئیرشادیش بووە،ماوەی ( 100 ساڵ ) بۆ ( 135ساڵ ) ژیانی گوزەراندووە و ، پاشان کۆچی دووای کردووەو، ئێستا گۆرەکەی بۆتە زیارەتگە و خەڵکانێکی زۆر سەردانی دەکەن.



پەراوێز و سەرچاوەکان:

1- شیکردنەوەی ئەم پارچە شێعرە لە (162) ی ،بەرگی یەکەمی (مێژووی وێژەی کوردی) ی دکتۆر (سدیق بۆرەکەیی /سەفی زادە)،چاپی یەکەم،1370،ئینتیشاراتی ناجی – بانە کوردستان،وەرگیراوە.

2- کاکەییەکان و ڕێ و ڕچەکەیان،ل20،دانراوی: سەدیق بۆرەکەیی،2001.

3- ئەم شێعرە لە سەرچاوەکانی (کاکەیی/موحەمەد ئەمین هەورامانی،یارسان/ئەیووب ڕۆستەم،مێژووی وێژەی کوردی – بەرگی یەکەم /سدیق بۆرەکەیی،کاکەییەکان و ڕێ و ڕچەکەیان/سەدیق بۆرەکەیی و .....) تۆمارکراوەو،لە زۆربەی دەستنووسەکانیش دا هەیە.

* سەرنج:ئەم بابەتە،یەکێکە لە بابەتەکانی ئینسایکلۆپیدیای (بەرزنجە)،کە کتیبێکی (8بەرگ)ییە و،تائێستا(4بەرگ)ی ئامادەی چاپە و،چاوەڕوانی هاوکاری بەرپرسان و، دۆستانی مێژوو و،ئەدەب دۆستانە تا لە چاپ بدرێت.



# شێخ حسێنی قازیی بەرزنجی

شێخ حسێنی قازی بەرزنجی کوڕی شێخ مەحمودی بەرزنجی کوڕی شێخ مەعروفی بەرزنجی کوڕی شێخ حەسەنی(گڵەزەردەیی)بەرزنجی یە،(1)ولە سلێمانی و لەساڵی (1225ك) لە دایك بووە(2)و،بە(شێخ حسێنی قازی بەرزنجی)و(شێخ حسێنی نەقیبی بەرزنجی)یش ناسراوە،واتە نازناوی (قازی)و(نەقیب)یشی هەبووە،زانست و زانیاری ئاینی لە(شێخ مارفی نۆدێی 1166ك–1254ك)و،مەلا حامید وەرگرتووە(3)و،پلەکانی خوێندنی ئەوکاتەی حوجرە و فەقێیەتی لا تەواو کردوون.

قازی شێخ حسێن لەساڵی (1264ك)قازی بووە،بەڵام شێخ حسێن بەتەنها قازێتی نەکردووە،بەڵکو لە بوارەکانی ئەدەب و شێعر و نووسین ودانانی کتێبیش دا ئەسپی خۆی تاوداوەو،لەدووای خۆی چەندین بەرهەمی بۆ بەجێهێشتووین.

شێخ حسێنی نەقیبی بەرزنجی لە ساڵی (1269ك) بە هاوڕێیەتی حاجی کاك ئەحمەدی شێخی بەرزنجی کوڕی شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی سەردانی (بەغداد) ی کرد و لەوێ چاوی بە (مەلا موحەمەد فەیزی زەهاوی)ی موفتی (بەغداد) و شاعیری ناوداری عێراق (عبدالباقی العمری)کەوت،لەم سەردانەدا ،بەشێخ حسێنی بەرزنجییان وت:

شرف بغداد كما شرف ال
عرش بنعلي جدك المصطفى(ص)

شێخ حسێنیش لەوەڵامدا دەڵێت:

جسمي بجميعه بحق الباقی
في الحب غدا منازل الاشواق
اما خلدي فقد غدا ژالهب
من فرقتكم ،فكيف حال الباقی.



شێخ حسەینی قازی بەرزنجی،زمانەکانی (کوردی،عەرەبی،فارسی)بەباشی زانیوەو،بەهەر سێ زمانەکەش نووسین و دانراوی لیبەجێماوە،وەکو:

1–چیرۆکی شێخی سەنعان ،بە فارسی.

2–لەیل و مەجنوون ، بەعەرەبی.

3–سیراجلسالکین،بە فارسی.

4–چیرۆکی لەدایك بوونی پێغەمبەر موحەمەدەلمستەفا(د.خ) بەناوی (مەولوود نامە) بە زمانی کوردی.




بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی شێعری نووسیووەو،هەندێك لە دانراوەکانی لە (ئەستانە) بەناوی خوازراوەوە بە چاپ گەیشتووە،ئەم پارچە شێعرانە نموونەی شێعرەکانێتی:

شاعیر لە پارچە شێعرێکی کوردیدا،دەڵێت:

پەنجە بۆتە سۆمری ئەبرۆت پەیرەوی مانی
ئەکا
خامە بۆ زنجیری گێسوت پەنجە ئەفشانی
ئەکا.

قوتی ڕۆحە لێوەکەت یاقووت وەها ناودار نیە
مەنعی بازاڕی عەقیقی و لەعلی ڕۆحمانی
ئەکا.

دڵ بەنەشئەی عەکس مەستی چاوەکەت
لا(یعقل)ە
بـــۆ کـــەبابی جـــەرگ و دڵ نـــمەك دانـــی
ئـــەکا.

گەر لە پەنجەی نازەوە ئاوازێ تۆ بگرێتە گوێ
(توتی)ی شیرین زمان ئاغازی خۆش خوانی
ئەکا.

لێوی یاقوتی نگینی خاتەمی نازو و زهور
سوڕی دەستی(ئاسف)ە،داوای سلێمانی
ئەکا.(4)

شاعیر لە چارچەشێعرێکی عەرەبیدا،دەڵێت:

عشیە بت علی بابه
وقد رای دمعی جری سائلا
فقال لا تبك علی بابنا
قلت له:لاتنهر السائلا

شێخ حسەینی قازی لە بواری ڕەوان بێژی و،ڕستەسازی و،هونەری جوان نووسین و،مەتەڵ و،مەتەڵسازیدا،دەستێکی باڵای هەبووەو،ئەسپی خۆی تاوداوە.وەکو مامۆستا (موحەمەد عەلی قەرەداغی) لە بەرگی چوارەمی کتێبی (بوژانەوەی مێژووی زانایانی کوردلە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە)،بەهێنانەوەی چەند نموونەیەك ئەم ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ.

مەتەڵی یەکەم،کە بەزمانی شیرینی کوردییە،بەم جۆرەیە:

بلوورین گومبەتێکم دی،مەهو ڕۆژی لەنێودایە

کە ڕۆژ هەڵدێ لەنێویدا بلوورین شوشە دەشکێنی

ئەگەر مەردی مەتەڵزانی بەفکری خۆت هەڵی بێنە

موعەممایەکی زۆر ئاسانە تەیرێکیش هەڵی دێنێ.

شێخ حسەینی قازی لەمەتڵێکی عەرەبی دا،دەڵێت:

ما ابيض اجزاء سحيق

للماء و النار له طريق

عادى ابانا ادم ابوه

لكنه اليوم لنا صديق

مدار عيشنا عليه قدرا

فليتامل انه (دقيق).

شاعیر و قازی بەرزنجی،شێخ حەسەن،لەمەتەڵێکی دیکەی عەرەبی دا ،دەڵێت:

كم اقاسي في هواكم مجنا

فی الهوی جسمي و عضمي و هنا

من رای في عارضي دمعا جری

قال: هذا عارضي ممطرنا

پەراوێز و سەرچاوەکان:

پەڕاوێز:

1- لەزۆربەی سەرچاوەکان دا تەنها نووسراوە(شێخ حسێنی قازی)و،ناوی باوك و باپیری نەهاتووەو،لەهەندێك سەرچاوەشدا،ناوی باوکی بە (موحەمەد)هاتووە.

2- ساڵی لە دایك بوون و مردنی (شێخ حسێن) لە چەند سەرچاوەیەك دا بەهەڵە هاتووە،بۆ ساڵی لەدایك بوونی (1205ك) و،بۆ ساڵی مردنیشی (1285ك) تۆ مارکراوە،ئەوسەر چاوانەش ئەمانەن:(دەقەکانی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی، شاعیرە ناو ونبوەکانی کورد – عەلی کەمال باپیر، سادات البرزنجە – عبدالقادر محمد البرزنجی ، پێناسی بەشێکی شاعیرانی کورد – ئەسعەد عەدۆ ، تاریخی سلێمانی وە وڵاتی – موحەمەد ئەمین زەکی بەگ ، ........).

3- لەهەندێك سەرچاوەدا،بەهەڵە نووسراوە (شێخ مارفی باپیری مەلا حامید)،وەکو لە (شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد)ی (عەلی کەمال باپیر ) دا هاتووە،بەڵام ڕاستەکە ئەوەیە کە ئێمە نووسیمان.

4- ئاسف: نازناوی (ئیبن بەرجیایە).

سەرچاوەکان:


1. بنەماڵەی زانیاران،نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیسی بیارەی(خودا لێی خۆشببێت) ،بەغداد،1984

2. علمانا فی خدمه علم والدین، نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیسی

بیارەی(خودا لێی خۆشببێت) ،بەغداد،1983.

3. بنەماڵەی پاکان یان بەحرئەنسابی ئەحمەدی،نووسراوەی حاجی مەحموود ئەحمەدی،ئینتشارات مەسعود،1378،چاپی دووەم.

4. سادات البرزنجیە،دانراوی :عەبدولقادر موحەمەد بەرزنجی،1956،چاپخانەی تەرەقی – کەرکوك.

5. فى رحاب اقلام و شخصیات کردیە،محمد علی القرداغی ،بنکەی ژین،2007.

6. محمد فیضی الزهاوي،محمد علی القرداغی ،بلاوکراوەی ئاراس،2007،312.

7. تاریخ مشاهر کرد، بابامردوخی روحانی – شیوا، جلد اول ،بەکوشش : محمد ماجد مردوخ روحانی، چاپ دوم،تهران،1382.

8. شاعیرە ناو ونبوەکانی کورد، عەلی کەمال باپیر کۆی کردۆتەوە، سلێمانی ،1973،چاپخانەی ڕاپەڕین.

9. پێناسی بەشێکی شاعیرانی کورد،بەسەرهات و ژیانی 42 شاعیری ناوداری کورد، ئەسعەد عەدۆ،چاپخانەی (الحوادپ) – بەغداد ، 1980.

10.حەوتەوانە، حەسیبی قازی، سلێمانی، 2008.

11.بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، موحەمەد عەلی قەرەداغی،بەرگی چوارەم، 2002.




گوندی بەرزنجە ... لە زستاندا ...
یەکێك لە دیارترین مەڵبەندە زانستییەکانی کوردستان

# عەلامە سەیید میر ئەحمەدی میرە سورەی کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی

## سەدەی هەشتەمی کۆچی

میر ئەحمەدی میرە سور،ناوی تەواوی (ئەحمەد)ە،کوڕی (حاجی مەلا شێخ عیسای نووربەخشی بەرزنجی کوڕی باباعەلی هەمەدانی)یە و،یەکێکە لە شاعیر و زاناو پێشەوائاینی یەکانی سەردەمی خۆی و،لەسەدەی هەشتەمی کۆچی دا،ژیاوەو،لە گوندی (بەرزنجە) و،لە بنەماڵەیەکی ئاینی ڕۆحانی ناسراو و دیار لەدایك بووەو،هەرلەسەرەتای تەمەنییەوەو لە منالّی یەوە خراوەتە بەر خوێندن و سەرەتای خوێندنی لای زانای ناسراوی بەرزنجی،عەلامە (مەولانا عەبدولکەریمی بەرزنجی)بووە،کە برای میر ئەحمەدە، پاشان لای حاجی مەلا عیسای نووربەخشی بەرزنجی باوکی درێژەی بەخوێندن داوەو، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن و کۆکردنەوەی زانست و زانیاری زیاتر هەموو(شارەزوور) گەڕاوەو،لای مەلا ناسراوەکانی ئەوکاتە،وەکو (ئیلیاسی شارەزووری) خوێندویەتی و،دوواتر چووە بۆ دینەوەر و هەمەدان و،بەغدا وزۆر شوێنی دیکەش گەڕاوە و،دووای تەواوکردنی خوێندن گەڕاوەتەوە بۆ گوندی (بەرزنجە) و،بەکاری تەدریس و ئیرشادەوە خەریك بووەو، پاشان (بەرزنجە) ی جیهێشتووەو،ڕۆیشتووە بۆ گوندی (شێخان) و،ئیتر لەوێ جێگیربووە و،نەگەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی ،کە (بەرزنجە)یەو، پاشماوەی ژیانی بە دەروتنەوەو تەدریسەوە بەڕێکردووەو، پاشان ئەوێی بەجێهێشتووەوچۆتە هەورامان و شارەزوور و،ئێستاکە بەناوی خۆیەوە ناونراوە و، بە (میری سوور) ناسراوە.دکتۆر (سدیق بۆرەکەیی)لە لاپەڕە(189)ی مێژووی وێژەی کوردیدا،لەبارەی (میر ئەحمەدی میرە سورە)وە دەنووسێت:(لە پەرتووکی سەرئەنجام دا،نووسراوە:کە میر سوور لەسەدەی هەشتەمی کۆچی دا،ژیاوەو،بەیەکێك لە (حەوتەوانە) دێتە ئەژمار،وە لە کورتەی پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە،کە سەیید ئەحمەدی میرەسور شەیدایەکی دڵ ڕاکێشەر و،فرەزانێکی خۆشەویست و،ڕەندێکی بێ باك و،مەستێکی چالاکە،ڕەوشتی وەکو مەنسورەو،ناوی میرە سورە و،یەکێکەلەوانەی کە پێیان دەڵێن:(حەوتەوانە)).



میر ئەحمەدی میرە سور بەچەند نازناو و،شێوەیەك ناسراوەو ناوی دەرکردووەو،بەجۆرێك هەندێك جار بە (میری سوور)یان(میرە سوور) ناوبراوەو،هەندێك جاریش بە (میر ئەحمەدی میرە سوور) یان(سەیید ئەحمەدی میرە سوور) و،بە(کاکە میر)یان(میر کاکە)ش ناسراوە و،ناو ناوبانگی دەرکردووە.

میر ئەحمەدی میرە سوور لەلایەن باوکییەوە خەرقەی تەریقەتی (نوربەخشی) لە بەرکراوەو،مۆڵەتی ئیرشاد و ڕێنوێنی کردنی ئەم تەریقەتەی پێدراوە،و لەمیشەوە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی تەریقەتی (نووربەخشی)یان وەرگرتووە.

میر ئەحمەد جگەلەوەی مەلا و پێشەوایەکی ئاینی بووە،و بەکاری ئیرشاد و ڕێنوێنی یەوە خەریك بووەو،شێخی تەریقەتی (نووربەخشی) بووە،هەندێك جار هۆنراوەشی نووسیوەو،گەلێك لەو هۆنراوانەی لێبەجێماوە،کەلە پەراوی پیرۆزی (سەرئەنجام) ی کاکەییەکان دا،تۆمارکراون و،بەوهۆیەوە لە فەوتان پارێزراون و،بەدەست ئێمەش گەیشتوون،هۆنراوەکانی ئەم شاعیرەمان بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراون و،بەشێوەزاری گۆرانین،بۆیە بە پێویستی دەزانم نمونەی هۆنراوەکانی لێرەدا تۆماربکەین:

ئازیز بەیانا، ئازیز بەیانا
ئازیز گرد سرێ بە پێت بەیانا
ئاگاو بینای جەدوور جیهانا
ها بنیامین، جەگیر و کەمانا

جەگێـــژو باری،جەگێـــژو بـــاری
یـــارمـــان گـــیرا، جەگـــێـــژو بـاری
جاقوبەی مریەم،ئەسکەندەر داری
میرە باش توجار هـــان جە ئـــازاری

پاگریـە و زارە، پاگـریە و زارە
حوسەین مەلاڵێو، پاگریە و زارە
گیـرانـەدەســـت مەخـڵوق خارە
زامش پەی مەڵهەم،بکەرتیمارە

واتە:ئەی ڕێبەری خۆشەویستم،هەموو ڕازێکی شاراوە لەتۆ ئاشکرایە و،تۆ بەهەموو شتێك ئاگاداری و،هەرخۆت بەهەردوو جیهان ئاگای و،گۆڕەپانێك کەئێستا بنیامین تیاکەوتۆتە ناو گێژاوەوە لەبەر چاوتە،ئێستاکە یارەکەمان کەوتۆتە ناو گیری گێژاوی دەریا،وە لە گومەزی مەریەم و،دەریای ئەسکەندەرییەدا میرە باشتاجر لەناو ئازار و،دەرد و ڕەنج دایە،ئەوا میر حوسەینیش بە گریان و شیوەن ئەپاڕێتەوەو،کەوتۆتە دەستی دووژمنانی دین،دەسا بەزەیت پیایانا بێتەوەو،برینەکانیان مەڵهەم لێبدە و، سارێژی بکەرەوە.






**سەرچاوەکان:**

1-**قدم له و راجعه و علق اليه: محمد علی القرداغی ،فی رحاب اقلام و شخصیات کردیه، بنکەی ژین،** 2007.

2-**عبدالقادر محمد البرزنجی، سادات البرزنجه، چاپخانەی تەرەقی، کەرکوك،** 1956.

3-**معروف الریشلانی ،الرساله المنجیه فی مناقب الساده البرزنجیه، ترجمه: د. خریه دماك، ایلول** 2002

4- **دکتۆر (سدیق بۆرەکەیی /سەفی زادە) ، پەرتووکی (مێژووی وێژەی کوردی) ی (بەرگی یەکەم)، چاپی یەکەم،** 1370**، ناشر: انتشارات ناجی – بانه کردستان.**

* **سەرنج: ئەم بابەتە، یەکێکە لە بابەتەکانی ئینسایکلۆپیدیای (بەرزنجە)، کە کتێبێکی (**8**بەرگ)ییە و، تائێستا(**4**بەرگ)ی ئامادەی چاپە و، چاوەڕوانی هاوکاری بەرپرسان و، دۆستانی مێژوو و، ئەدەب دۆستانە تا لە چاپ بدرێت.**

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

**جەنابی مامۆستا: شێخ عیزەدینی حوسەینی**

**سڵاوی خوا ی گەورەتان لێبێت**

**لەگەڵ ڕازیبونمان بە قەدەری خوای گەورە، بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دووای کە سایەتی ئاینی ناوداری کورد، جەنابی مامۆستامەلا(شێخ جەلالەدینی حوسەینی) برا تمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسەو هاوخەمی بە ئێوەی بەڕێز و خانەوادەی کۆچکردوو هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەتان ڕادەگەیەنم.**

**لە خوای گەورەش داواکارم کۆچکردوو بەبەهەشتی بەرین شاد ببێت و، سەبوری و دڵنەوایش بە ئێوە ببەخشێت ،ئەمەش دواین خەم و پەژارەتان بێت .**

**د. هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

**(سەرنووسەری گۆڤاری بەرزنجە)**

**لە جیاتی بنەماڵەی شێخولئیسلامی مودەڕیسی بەرزنجە**

# عەلامە مەولانا شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ عیسای نووربەخشی بەرزنجی

## سەدەی هەشتەمی کۆچی

مەولانا موحەممەدی بەرزنجی کوڕی حاجی مەلا شێخ عیسای نووربەخشی بەرزنجی کوڕی بابا عەلی هەمەدانی کوڕی بابا یوسفی هەمەدانی یە و، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی دا ژیاوە.

مەولانا موحەممەدی بەرزنجی لە گوندی (بەرزنجە) و، لە( دایرەك خاتوونی کچی حسەین بەگی جەڵد)کە ژنی دووەمی (شێخ عیسای نووربەخشی بەرزنجی)بووە، لەدایك بووەو، لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ئاینی و خوێنەوار بووە، هەرلەتەمەنی مناڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن و، سەرەتا لای عەلامە( مەلا عەبدولکەریمی بەرزنجی )برای، کتێبە وردەڵەکانی خوێندووەو، لای ( حاجی مەلا عیسای نووربەخشی بەرزنجی)ی باوکی و، زانایانی شارەزوور و هەورامان و، بەغداد و، دینەوەر و، هەمەدانەوە خوێندنی تەواوکردووەو، پاشان دەستی کردووە بەکاری تەدریس و، وانە وتنەوەو، ئیرشاد و ڕێنوێنی خەڵك و، زۆربەی ژیانی لەو بوارانەدا بردۆتە سەر.

دکتۆر سدیق بۆرەکەیی لە بەرگی یەکەمی (مێژووی وێژەی کوردی)داو، لە لاپەڕە( 188 )دا، لەبارەی ئەم زاناو شاعیرەوە دەنووسێت:( لە پەرتووکی سەرئە نجامدا هاتووە، موحەممەدی گەورە سوار لەسەدەی هەشتەمی کۆچی دا ژیاوەو، بەیەکێك لە هەفتەوانە دێتە ئەژمار و، لەڕێ و ڕچەی یاری دا پلە و پایەیەکی بەرزی هەیە و، نازناوی گەورە سواری پێدراوە )، بەلاَم من پێموایە بەڕێز بۆرەکەیی بەهەڵەدا چووەو، لە نووسینەکانی دا تێکەلاَوییەك لە نێوان (موحەممەدی گەورە سواری کوڕی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی کوڕی حاجی مەلا عیسای نوربەخشی بەرزنجی ) و، مەولانا شێخ موحەممەدی کوڕی حاجی مەلا شێخ عیسای نووربەخشی بەرزنجی )دا، درووستبووەو، ئەم بۆچونەشم لەوەوە بۆ دروست بووە، کە تاهەنووکە جگە لە قسەکانی دکتۆر سدیق بۆرەکەیی، لەهیچ سەرچاوەو، کتێب و، دەستنووسێك دا، بەرچاوم نەکەوتووە کە نازناوی هەردوو موحەممەد (گەورە سوار) بێت، واتە( موحەممەدی کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی )بە( موحەممەدی گەورە سوار) ناسرابێت و، ( موحەممەد ی کوڕی سوڵتان ئیسحاق )یش، هەمان نازناوی هەبێت، وەلێ نابێت ئەوەمان لە بیربچێت کە زۆر ئاساییە چەند کەسێك یەك نازناویان هەبێت و، دووریش نییە هەردوو موحەممەد نازناوی (گەورە سوار)یان هەبێت و، نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە مەرج نییە ئەوەی ئێمە نەمان

بیستبێت و،نەمان بینیبێت، بوونی نەبێت و،ناراست بێت،بەڵکو ئەوە تەنها سەرنج و،بۆچونێك بوو خستمانە ڕوو،دەشێت قسەکانی بۆرەکەی سەدا سەد ڕاست و،دروست بن.

مەولانا موحەمەدی بەرزنجی،جگە لە کاری ئیرشاد و ڕێنوێنی تەرقەتی (نووربەخشی)،کە باوکی خەرقەی ئەو تەریقەتەی لەبەر کردووە،هەندێك جار هۆنراوەشی نووسیوەو،هۆنراوەکانی زۆر تەڕو پاراون و،سادە و،ساکارن و،لێرەدا پارچە هۆنراوەیەکی دەخەینە بەردەست:

ئەزەڵ بتوونا، ئەزەڵ بتوونا
شەرت بنیامان جەسڕ بتوونا
پەی یانەی یاران بنیام ستوونا
بێ شەرت و ئادی یاریٚ چەتوونا

چاکەشتی و گێژیٚ، چاکەشتی و گێژیٚ
شوکرش پەی تۆ وا چاکەشتی و گێژیٚ
پەی واڵاو کفرت ئیمانش وێژی
پەی کان مەیۆنی چا سەراو ڕێژی

یە بنیام دیمان، یە بنیام دیمان
راگەی شەرت و شوون، یە بنیام دیمان
ها بنیام بیا داروی حەکیمان
پیر و شەرتمانا چا ئەزەڵ جیمان

بیٚ ئارامەنی،بیٚ ئارامەنی
ئازیز بیٚ بنیام،بیٚ ئارامەنی
بیٚ شرت و ئادیٚ چە خارامەنی

چەنی دۆستانی،چا سارا مەنی

واتە:ئەو پەیمانەی کە بنیامین بەستوویەتی هەرلەڕۆژی بەرین پتەوبووەو،بینیامین کۆڵەکەی یارانەو،بەبیٚ پەیمان کەئەو ڕیٚ و ڕچەی یاری زۆر سەخت و ،چەتوونە.خوا هەموو کەسێك لە کەشتی و گێژاوودا،هیواو ئومێدی بەتۆیە،بنیامین بەهێزی بڕوا،بیٚ خوای و،بێبڕوای لەناوبردووەو،لەکانی ئاو دینێتە سەرەوە،ئەوا ئێمە ڕیٚ وڕەوشت و،پەیمانی ڕاستیمان لە بنیامینەوە دیووەو،ئەو دەوای حەکیمانەو،هەر لە ڕۆژی بەرینەوە ئەو پیرمان بووە،ئەی ڕێیەری خۆشەویستم،ئێمە بەبیٚ بنیامین بیٚ ئارامین و،پەیمانی ئەو بۆ ئێمە،وەکو بەردی خاراوایە و،بەبیٚ ئەو ناتوانین ژیان بەرینە سەر و،بەبیٚ ئەو لەدەشتی ڕۆژی پەسڵاندا کلۆڵ و داماوین،جێگەی ئاماژە پێدانە،کە مەولانا (موحەمەدی بەرزنجی)، (بەرزنجە)ی جێهێشتووەو،تا سەر لە (بەرزنجە) نەماوەتەوەو،وەکو باسکراوە لە دەورو بەری سیروان دا کۆچی دووای کردووەو،هەرلەوێش نێژراوە.

سەرچاوەکان:

1- محمد علی القرداغی ،فی رحاب اقلام و شخصیات کردیە،بنکەی ژین،2007.

2-عبدالقادر محمد البرزنجی،سادات البرزنجە،چاپخانەی تەرەقی،کەرکوك،1956.

3-معروف الريشلانى ،الرسالە المنجيە فى مناقب السادە البرزنجيە،ترجمە:د.خريە دماك،ايلول 2002

4- دكتۆر (سديق بۆرەكەيى /سەفى زادە) ، پەرتووكى (مێژووى وێژەى كوردى) ى (بەرگى يەكەم)،چاپى يەكەم، 1370،ناشر:انتشارات ناجى – بانە كردستان.



شێخ عەبدولكەريمى شێخولئيسلامى وشێخ عەبدولكەريمى چرچە قەڵايى بەرزنجى

وێنەى سەردانى شێخ عەبدولكەريمى شێخولئيسلامى مودەڕيسى بەرزنجى خاوەن ئيمتياز بۆ خزمەت شێخ عەبدولكەريمى چرچەقەڵايى بەرزنجى لە كەلار

# شارۆچکەی بەرزنجە

بەرزنجە،یەکێکە لە شارۆچکە ڕەنگینەکانی کوردستان،کە زێدی گەورەپیاوان و،ڕۆشەنبیران و،زانایان و،ئەهلی تەریقەتە و،لە مێژووی کورد و،کوردستان دا پشکێکی گەورەی بەردەکەوێت و،بە درێژای تەمەنی، هەر لەسەرەتای دروست بوونییەوە هەتاوەکو ئەمرۆ لانکەی شۆڕشگێڕی و،خوێندەواری بووە،وەلێ بەداخەوە وەك پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوەو،خزمەتی نەکراوە.

## مێژووی ژیان لە ناوچەکەدا

بەگوێرەی سەرچاوە مێژووی و،دەستنووسەکان و، پاشماوەکان مێژووی دروست بوونی (بەرزنجە) زۆر کۆن نییەو،دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (650کۆچی)، وەلێ دۆزرانەوەی هەندێك شت پێمان دەڵێت،کە مێژووی ژیان لەناوچەکەدا زۆر لەوە کۆنترەو،دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئاینی پیرۆزی ئیسلام و،تەنانەت بۆ پێش ئاینی پیرۆزی مەسیحیش .

بەم دواییە و،لە دوو سێ ساڵی ڕابردوو دا،چەند (دەخمەیەك) لە (لاشەخسی) (1)ی (بەرزنجە) دا دۆزرانەوە، کە بەڵگەی بوونی ژیانە لە ناوچەکەدا و،بەڵگەی (زەردەشتی)(2) بوونی ئەو خەڵکانەیە، کە لەو ناوچەیەدا ژیاون. چونکە لە ئاینی پیرۆزی (زەردەشتی) دا، دووای ئەوەی مرۆڤ دەمرێت، لاشەکەی لەسەر تاشەبەردێکی گەورە دادەنرێت و،دەخرێتە بەردەم باڵندەو گۆشت خۆرەکان،بۆ ئەوەی گۆشتەکەی بخۆن و،تەنها ئێسکەکەی بمێنێتەوەو،پاشان ئێسکەکەی دەخەنە نێو کوپێك و،سەری کوپەکە دادەپۆشن و،لەناو خاك دا دەیشارنەوەو،بەو کوپە دەڵێن : (دەخمە).(3)

وەلێ جگە لەم دەخمانەی دۆزرانەوە، هیچ بەڵگەیەکی دیکەمان لەبەردەست دا نییە ،ئەگەر چی وەك بیستراوە لەهەمان کاتدا چەند پارچە کانزا و،شتی دیکەش دۆزراونەتەوە ،بەهەرحاڵ جگە لە ئاماژەیەکی کورت نەبێت ،مەبەستمان نییە،بەدرێژی باسی ئەم بابەتە بکەین.چونکە لەمەبەستی سەرەکی باسەکە دوورمان دەخاتەوە.

## شارۆچکەی بەرزنجە

ئەم شارۆچکەیە دەکەوێتە خۆرهەلاتی شاری (سلێمانی) یەوەو،لە سروشتێکی شاخاویدا هەڵکەوتووەو،چەند کانیاو و،کارێزێکی سازگاری تێدایە(4)و،هەر لە کۆنەوە حوجرە و،مزگەوت و،قوتابخانەی تێدا دروست کراوەو،دانیشتوانەکەی بە ئاژەڵداری و،ڕەز و،باخوباخاتەوە خەریکن و،بژێوی ژیانیانی پێپەیدا دەکەن و،خانووەکانی ئەم شارۆچکەیە لە (12-13) ریزدا بە شێوەی پلیکانە بەرەو قەد پاڵی شاخی (ڕێ سور) دروست کراوە، قەدپاڵی شاخی (کورەکاژاو) یش دەکەوێتە دەستە ڕاستی یەوەو، لە نێوان چەند شاخێك دایە.

## مێژووی بەرزنجە

مێژووی دروست بوونی ئەم شارۆچکەیە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (800) ساڵ لەمەو بەرو، بۆ لەوەڕاندنی مێگەل و،ڕانە مەڕی بنەماڵەی (حاجی شێخ خالیدی

کاژاوی کوڕی سەیید موحەمەد تاج عارفین ئەبووەفای پووشێنی ) ی ،کە ژمارەیان (3-4) ماڵێك بووەو،لە حاجی خاڵ خۆی و،چەند کوڕێکی پێك هاتووەو ،کوڕەکانی دیکەشی لە کاژاوبوون ، و سودیان لە ئاو و،لەوەڕگەی ناوچەکە وەرگرتووەو، بەو هۆیەوە لێی نیشتەجێ بوون ،وەلێ بەڵگەیەکی دروست لەبەردەست دانییە، کە لەوکاتەدا چی بە (بەرزنجە) ی ئێستا وتراوە و،دوورنییە(زنج) یان بۆ بەکاربردبێت ،یان هاوشێوەی ئەم ناوە وەکو: (زنجەکان، زنجان،زنجیان، زنجەکە، زنجی، .......) و دیارە ئەم قسەیەش لەخۆوە ناکەین ،بەڵکو پشت دەبەستین بە ناوی هەنووکەیی (بەرزنجە ) ،کە دووای هاتنی هەردوو کوڕەکەی عاریف و،پیری زاهیدی هەمەدانی ،(بابا عەلی )،بەسەریدا براوەو،بە (بەرزنجە) ناوی دەرکردووە .چونکە هەردوو مامۆستاو،زانای ناسراو (سەیید عیسا و سەیید مووسای بەرزنجی ) هەستان بە دروست کردنی (مزگەوت) ێك لەبەر دەم ئەو (3-4) خانووەی لە شێوەی (زنج) دا بوون و،بەمەش ناوی (بەر – زنج – ە) بەسەر ناوچەکەدا برا. گۆڕینی ناوی ئەو شوێنەی چەند کە پر و، زنجێك و،(3-4) ماڵێکی تێدا بووەو،شوێنی (حاجی شێخ خالیدی کاژاو ) ی بووە ،بۆ شارۆچکەیەك بەناوی (بەرزنجە) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (686کۆچی) ،کە هەر لەو ساڵەشدا حوجرەو،مزگەوتی (بەرزنجە) دروست کراوە. دەگێڕنەوە و،دەڵێن : (( هەردوو کوڕەکەی( باباعەلی هەمەدانی کوڕی یوسفی نوربەخشی هەمەدانی ) بەناوەکانی (سەیید عیسا وسەیید مووسا ی نوربەخشی) دووای تەواو کردنی خوێندنی ئاینییان لای زانای بەناوبانگ (خواجە ئیسحاقی خەتلانی ) و،وەرگرتنی خەرقەو ،تەریقەتیش لە (موحەمەدی نووربەخشی ) برایان ،بۆ حەج و،زیارەتی ماڵی خوا دەکەونە ڕێ و،لەکاتی گەڕانەوە یاندا ڕێیان دەکەوێتە (بەرزنجە) ی ئێستاو، شەوێك لە خەودا پێغەمبەری نازدار موحەمەدەدلستەفا ( د.خ) فەرمانیان پێدەدا نەگەڕێنەوەو،لەوێ بمێننەوە ،ئیدی ئەوانیش بڕیاری مانەوە دەدەن و،ئەم ڕووداوەش ڕێکەوتی ساڵی (686کۆچی) بووەو،(سەیید موحەمەدی نووربەخشی) براشیان ،کە دامەزرێنەری (تەریقەتی نووربەخشی ) یە ،بۆ کاری بانگەواز و،ئیرشاد دەچێت بۆ (هەرات) و،لە دووای مردنی ئەم زانا ناسراوە سێ نەوە بەناوەکانی (جەعفەر، موحەمەد،شاە قاسم) بە جێماوە.)).

وەك لە پەرتووکی (روضة الجنان) دا هاتووە ، لە دووای دروستکردنی حوجرەو،مزگەوتی (بەرزنجە) ،سەیید مووسای برا گەورە،فاتیمە خانی کچی حاجی شێخ خالیدی کاژاوی دەخوازێ و،ئیدی لێرەوە ژن و ژنخوازی لە نێوان نەوەکانی (سەیید مووساو سەیید عیسای بەرزنجی) لەگەڵ نەوەکانی بنەماڵەی (خالیدی) دروست دەبێت و،بەتەواوی ئەم دووبنەماڵەیە تێکەڵاو دەبن.

سەیید مووسای بەرزنجی دووای ماوەیەك دەرس وتنەوەو، پێگەیاندنی چەند کەسێك و،بەناوبانگ بوونی حوجرەو مەدرەسەی (بەرزنجە) ،دەرسوتنەوە جێدەهێڵێ بۆ (سەیید عیسا)ی برای و،(حاجی خاڵی کاژاوی) و،خۆیشی بۆ ڕێنوێنی و ئیرشاد دەچێت بۆ (ئاغجەلەر) و،لەوێ ،لە ساڵی (696کۆچی) و ،لەتەمەنی (40) ساڵیدا ،بەدەستی چەند کەسێك دەکوژرێت و،براکەی و،بنەماڵەی (خالیدی) تەرمەکەی دەهێننەوە بۆ (بەرزنجە) و،لەگۆڕستانی( بەرزنجە) دا،کە بە گۆڕستانی (اهل لااله الا الله) ناسراوە بەخاکی دەسپێرن.

لە دووای کوژرانی سەیید مووسای بەرزنجی ،سەیید( عیسا ) ی برای خێزانەکەی ئەو،کە کچی حاجی شێخ خالیدی کارژاو بووە ئەخوازێ و،دوواتریش ژنی دووەمی کە( دایرەك خاتوونی کچی حسەین بەگی جەڵد) بووە دەهێنێ و،بەگوێرەی پەرتووکەکانی (بحر الانساب) لە هەردوو ژنەکەی (12) کوڕ و،چەند کچێك بە جێماوەو، بە پێی پەرتووکی (بنەماڵەی زانیاران) ی زانای گەورەی کوردمامۆستا مەلا عەبدولکەریمی

موددەرِیسی بیارەی (خوودا لێی خۆشبێت)تەنها (3) کوڕی سەیید عیسای بەرزنجی بەناوەکانی (عەبدولکەریم، حەسەن، حسەین) لە گوندی (بەرزنجە)دا ماونەتەوەو،وەچەیان خستۆتەوەو،ئەوانی دیکە هەریەکەو،بەلایەکدا ڕۆیشتوون،وەلێ بە پێی هەندێك سەرچاوەی دیکە هەندێك لەو کوڕانەی کە بەرزنجەیان جێهێشتووە بۆ خوێندن و ،زانست و زانیاری کۆکردنەوە ڕیشتوون و،دووای تەواو کردنی خوێندنیان گەڕاونەتەوە بۆ بەرزنجە،ئەگەرچی پاشان بەرزنجەیان جێهێشتۆتەوە ،وەلێ نەوەو بنەماڵەی سەربەخۆیان لە بەرزنجەدا پێکهێناوە،وەکو میر ئەحمەد میرە سور،سەیید محەمەد.

لەساڵی (754کۆچی) دا ،سەیید عیسا – ش لەتەمەنی (88) ساڵیدا کۆچی دووای دەکات و،لە گۆڕستانی (بەرزنجە) و،لە تەنیشت براگەورەکەیەوە بەخاك دەسپێردرێت.

## ناوی بەرزنجە

وەك دەگێرنەوە و،لەهەندێك پەرتووك و،دەستنووسی کۆنیش دا تۆمارکراوە،چەند خانوویەك لە پشت حوجرەو،مزگەوتەکەوە هەبووە، کە بەقامیش دروستکراون و،خانووی بەقامیش دروستکراویش بە(زنج) ناو دەبرێت و،مزگەوت و،حوجرەی (سەیید عیسا و ،سەیید مووسا)ش کەوتبووە بەر- زنجەکانەوە،بۆیە ناوی لێنرا(بەرزنج)، یان(بەرزنجە)، وەلێ لەڕووی مانای وشەی (بەرزنجە) وە ،بۆچوونی جیاواز لەبەردەست دایەو،هەندێك سەرچاوە بە (زەوی هەمیشە سەوز) لێکی دەدەنەوەو،سەرچاوەی دیکەشمان هەیە بە(خانە باخ) ناوی دەهێنێت.

## بەرزنجەو...خوێندەواری

بەڵگەی خوێندەواربوونی ئەو (3-4) ماڵەی پێش هاتنی (سەیید مووساو،سەیید عیسا) لەوێبوون، ڕوون و،ئاشکرایەو،وتنەوەی دەرس و پێگەیاندنی ئاینی لەسەر دەستی (حاجی خاڵی کاژاو) دا بووەو، کەهەرخۆشی لوتکەی بنەماڵەی (خالیدی) یە، وەلێ بەداخەوە هیچ پاشماوەیەکی ئەو کاتەمان لەبەر دەستدا نییەو،بەرهەمەکانی ئەم زانا گەورەیەی کورد تا هەنووکە نەکەوتۆتە بەردەستمان و،ڕەنگە لەناو چووبن و،لەوانەشە ڕۆژێك بێت بدۆزرێتەوەو،بکەوێتە بەر دەستمان.

وەلێ بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لەبەردەساماندایە،باری ڕۆشەنبیری و،ناوبانگی (بەرزنجە) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (686کۆچی) و،بۆ دروستکردنی حوجرەو،مزگەوتی(سەیید مووساو،سەیید عیسای بەرزنجی) ،کەهەندێك (هۆنراوەی فارسی و،کوردی و،عەرەبی) و،هەندێك (وتە) لەوکاتەوە بە یادگار ماوەتەوە،کە هی (سەیید عیسا ی بەرزنجی) ین و،لەڕوی کات و، پاراستنی چەندین وشەو،زاراوەی کوردی و،زمانەوانییەوە جێگەی بایەخی مێژوویەو،هیوادارم بتوانم لە ئاییندەدا (دیوانی شێخ عیسای بەرزنجی ... ژیان و بەرهەمی) کۆبکەمەوەو،بەچاپی بگەیەنم و،بۆ ئاگاداری خوێنەر لێرە دا چەند نموونەیەکی کورت دەهێنمەوە:

نموونەی هۆنراوەی کوردی /

پێمە شوکرانە، پێمەشوکرانە

واچن سەروماڵ بدەیم بەرانە.

چوون دەستماڵ تەحیق یەگانە

ویسالگا لوایم جەویساڵ یانە

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا،دەفەرموێت/

حاجم چەرانە،حاجم چەرانە

حاجیان حاجم ، حاجم چەرانە.

حاجمی کەردەن پایەی خودانە

هەرکەس ویش مەجمۆگا ویش خەتانە

نموونەی هۆنراوەی فارسی/

کائنات است جسم ماجانیم

واصلات را دلیل و بورهانیم
خاتمی اولیای دور قمر
وارت فقر شاە مردانیم
لە وتەکانی سەیید عیسای بەرزنجی /

- هەموو گوناهێك ئەگەرچی بچوکیش بێت بەگەورە بزانن، وە چاکەش هەرچەندە زۆربێ بەکەم بزانن.
- دەتوانن فێری زانست بن. چونکە بنیادەم هەربە زانست بەرز دەمێنێتەوە.

دیارە وەك ئاماژەمان پێی دا ،بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی تائێستا لەبەردەستماندایە، سەیید عیسای بەرزنجی سەرقافڵەی زانایان و،ڕۆشەنبیران و،شاعیران و،نووسەرانی بەرزنجی یەو،لە دووای ئەویش هەزاران کەسی دیکە دێن وەکو (سان سەهاکی بەرزنجی کە دیووانە هۆنراوەی خۆی هەیەو تاهەنووکە دەستنووسە،خاتوو دایرەك ڕەزباری ژنی دووەمی سەیید عیسا کە ئەمیش دیووانە هۆنراوەی خۆی هەیەو دەستنووسە و،..........چەندانی تر) کە ڕاستەو خۆ دووای سەیید عیسا دێن و،ئەم بووارە ئەوە دووای ئەوە بەردەوام بووەو،لێرەدا هینانەوەی نموونەی بەرهەمی ئەوەکانی دووای سەیید عیسا بە پێویست نازانم چونکە ئەوەکانی خاوەنی کتێب و دیوانی تایبەتی خۆیانن و،ئەگەر خودای گەورەتەمەن بدات لە بەرهەمی تایبەتی دا بە وردی باسیان دەکەین و نموونەش دەهێنینەوە.

## زانایان و گەورە پیاوانی بەرزنجی

بێگوومان ژمارەی زانایان و،گەورە پیاوانی بەرزنجی ئەوەندە زۆرن ناتوانین ناوی هەموویان بهێنین،وەلێ لەبەر پێویستی بابەتەکە ئاماژە بەناوی هەندێك کەسایەتی و،ناوی زۆر ناسراو دەکەین وەکو(سەیید عیسای بەرزنجی /666-754ك،سەیید مووسا /656-696ك،بابا ڕەسوڵی گەورە،مەلا ئیبراهیمی بەرزنجی کە یەکێك بووە لە ماموستایانی حوجرەو مەدرەسەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغداد،کابل کە ناوی تەواوی کاکە ئیبراهیمە و لە پەرتووکی نور الانواری سەیید عەبوسەمەدی توداری دا بەوردی باسی کراوە ،شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی،کاك ئەحمەدی شێخ،شێخ مەحمودی بەرزنجی مەلیکی کوردستان، زەینەلعابدین باباگەورەی موددەریسی بەرزنجی( باپیرە گەورەی نووسەر)،مامۆستا شێخ محمەد بەرزنجی،بابا عەبدولکەریمی بەرزنجی( باوکی نووسەر)،د.سەباح بەرزنجی،د.فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی،د.سەعدی بەرزنجی،عەبدولرەحمان بێلاف،مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای بەرزنجی،مامۆستا مەلا مستەفا،باباعەبدولکەریمی چەچەقەڵایی(چرچە قەڵایی) بەرزنجی کە ئێستە لەکەلار دادەنیشێت،مەزلومی شاعیر،مامۆستا واحید ،مامۆستا بەکر،مامۆستاشێخ موحەمەدی بەننا،مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی .........هەزاران کەسایەتی دیکە )( 5 )

## لە وەسفی بەرزنجە دا

زۆرێك لە شاعیران و،نووسەران ،چ ئەوانەی بە ڕێیوواری بە ( بەرزنجە ) دا ڕەتبوون ،یان تێیدا ژیاون،و هەندێك جاریش ئەوانەی کە ناو و ناوبانگی ( بەرزنجە ) یان بیستووە،یان خۆیان ( بەرزنجی ) ن،لە وەسفی سروشت و،شوێنگەو،گەورەی و،گرنگی ( بەرزنجە ) دا ،هۆنراوە یان پەخشانیان نووسیووەو،ناسراوترین ئەو هۆنەر و،نووسەرانەش ئەمانەن ( شێخ مارفی ریشەڵانی،نالی،قانیع،شێخ ڕەزای تاڵەبانی ،شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی، محەمەد مەدەنی بەرزنجی کوری عەبدولرەسوڵی بەرزنجی،د.شۆ........).و لە کۆتاییدا بەم هۆنراوەیەی حەزرەتی ( نالی ) تان دەسپێرم:

کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ،چ فوقانی،چ تحتانی
کە حوبت بۆ سیادەت بێ، چ بەرزنجی،چ باراوی

نەوالەی تەوبە دەربێنە هەتا تەن نەبووەتە سفرە
پیالەی بشکێنە هەتاوەك کوپە نەشکاوی

دیارە شارۆچکەی ( بەرزنجە ) زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت و، ئەو باسە تەواوەش هەڵدەگرین بۆ کات و، دەرفەتێکی دیکە و، بۆ بەرهەمێکی دیکەی تایبەت بە ( بەرزنجە ) لە دوو تویی زنجیرە کتێبێك دا، لەژێرناوی ( ئینسایکلۆپیدیای بەرزنجە )، کە ئێستا بەرگی یەکەمی تەواو بووە، ئەگەر خوای گەورەو میهرەبان تەمەن بدات و، تەندروست و، لەش ساغمان بکات.

## پەراوێز و سەرچاوەکان :

1-لاشەخسی:بەو ناوچەیە دەگوترێت کەدەکەوێتەلای مەرقەدی (سەیید عیسا و سەیید مووسای بەرزنجی)،واتە قەبرسانی بەرزنجەو دەورو بەری.

2-زەردەشتی:ئاینێکی کۆنی ناوچەکەیە،وەك دەگوترێت گوایە زەردەشت کوردەو بانگەشەی بۆ یەکتا پەرستی کردووە.

3-بۆ زانیاری لەبارەی دەخمەوە بڕوانە ئەو سەرچاوانەی لەبارەی ئاینی زەردەشتی کۆلێویانەتەوەو بەوردی نووسیویانە لە بارەیەوە.

4-کانی سەر و کانی خوار و وەزڵی و.... .

5-لێرە ناوی ئەو چەند کەسایەتییە هاتووە ،بەلام لەبەرگی یەکەمی ( ئینسایکلۆپیدیای بەرزنجە ) دا،کە لە نووسنی بەندەیەو هەنووکە ئامادەی چاپە ناوی سەدان کەسایەتی هاتووەو،بەرگێکی ئینسایکلۆپیدیاکەش تایبەتە بە کەسایەتی زۆر ناسراوەکان و خاوەن بەرهەمەکان.

بڕوانە ئەم سەرچاوانە :


- ❖ بنەماڵەی زانیاران،نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیسی بیارەی( خودا لێی خۆشبێت ) ،بەغداد، 1984
- ❖ علمانا فی خدمه علم والدین، نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیسی بیارەی( خودا لێی خۆشبێت ) ،بەغداد، 1983.
- ❖ مێژووی وێژەی کوردی،بەرگی 1،نووسراوی سدیق بۆرکەیی( سەفی زادە)، انتشارات ناجی – بانە کوردستان، 1370،چاپی یەکەم.
- ❖ بنەماڵەی پاکان یان بەحرئەنسابی ئەحمەدی،نووسراوەی حاجی مەحموود ئەحمەدی،ئینتشارات مەسعود، 1378،چاپی دووەم.
- ❖ بۆ زانیاری زیاتر دەتوانیت بڕوانیتە ئەم سەرچاوانە : (القبائل والبیوتات الهاشمیه فی العراق، نووسینی :یونس شیخ ئیبراهیم سامەڕائی،ل 103بۆ 107 - ماڵپەڕی : منتدی الساده الاشراف – تەفسیری (روح المعانی) ،جز ء 26،ل103،دانراوی زانای ناودار ئالوسی ).
- ❖ ریشه پاك، مجموعه مقالات و اشعار ارائه شده در یادواره (بابا سید شیخ احمد باینچوب) ،گرداورنده و نظارت:سید هاشم هدایتی،شهریور 74،دانشگاه کردستان،بابەتی:بنەچەی سەیدەکانی کوردستان و ڕاژەیان – نووسینی:سدێق بۆرەکەیی( سەفی زادە ).


## تێبینی :

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری سلێمانی ،ژمارە 90 بڵاوکراوەتەوە.

# شێخ ئیبراهیمی کوڕی شێخ مەحمودی بەرزنجی

# (کابل)

## ڕاز عەبدولکەریم بەرزنجی

شێخ ئیبراهیم کوڕی شێخ مەحموود کوڕی شێخ عەبدولکەریمی قوتبی بەرزنجی کوڕی شێخ عیسای نوربەخشی بەرزنجی کوڕی باباعەلی هەمەدانی یە.ئامۆزای شێخ حسەینی کوڕی شێخ عەبدولکەریمە،کە زۆربەی بەرزنجییەکان لە نەوەی ئەم شێخ حسێنەن.

شێخ ئیبراهیم بە (کابل) ناسراوەو،مودەڕیسی ئەمیر (حەمزەی بابان) لە (بەرقەڵای مەریوان)دا،بووەو،مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (بەڕەحمەتبێت) لەبارەی نازناوی (کابل)ەوە دەنووسێت:(کابل:یانی کاکەبلە ،واتە :کاکە ئیبراهیم)،بەڵام (ئەبولعەلای کازرۆنی) کە یەکێك بووە لە قوتابیەکانی شێخ ئیبراهیم،لە پەڕاوێزی کتیبی (ضیاء الکلوم) دا وتویەتی :(کابل علی وزن فاعل بمعنی الطود الشامخ،و بە لقب شیخنا ابراهیم البرزنجی،لرسوخة العلم بە رسوخة الجبال) واتە:(کابل،هاوسەنگی فاعیلە و،بەمانای شاخی بەرزە،لەقەبی مامۆستامان شێخ ئیراهیمی بەرزنجەییە،بۆیە وای پێ وتراوە.چونکە زانست لە مێشکیا وەك شاخ ڕەنگ و ریشەی داکوتاوە.).

ئێمەش پێمان وایە کە شێخی کازرۆنی لێکدانەوەیەکی هەڵەی بۆ نازناوی (کابل) کردووەو،راستەکەی بەم شێوەیەیە:کابل ---کابلە --- کاکە بلە --- کاکە ئیبراهیم)ە،بەڵام لەوانەشە بۆچوونی ئێمە و مامۆستای مودەڕیس هەڵەبێت و،شێخی کازرۆنی بۆچونەکەی ڕاست و دروست بێت،بەڵام ئێمە بۆچوونی خۆمانمان پێڕاستترە بۆیە لێرەدا تۆمارمان کرد.والله اعلم.

شێخ ئیبراهیمی بەرزنجی لە حوجرە و مەدرەسەی بەرزنجە و،لەلای زۆربەی زانایانی بەرزنجی خوێندوویەتی و،بۆ تەواوکردنی خوێندن و کۆکردنەوەی زانست و زانیاری زیاتر ،چووە بۆ وڵاتی (میسڕ) و،پاشان لە ڕێگەی

(ئەفغانستان)ەوە،گەڕاوەتەوەو،چۆتەوە بۆ مەریوان و،تاماوەیەکی زۆر لە مزگەوتی (سور) تەدریسی کردووەو،دەرسی وتۆتەوە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (ڕەزاو ڕەحمەتی خودای لیبێت)لە بارەی مزگەوتی سور و لەبارەی بابان و ناودارانیانەوە، لەو سەردەم و کاتەدا دەنووسێت:(ئەم بابانە لەپێش بابانی عێراقدا

بوون و،لە مێژووی (600ك) بەرەو ژوور ناویان هەیە و،زۆربەیان لەولاتی عەجەمدا فەرمان ڕەوا بوون و،ناوی میر عەبدولکەریم و میر ئەحمەد خان و،میر سەعدوللا و میر حەمزەی بابان لەناو باسی سەیدەکان و زانایانی ولات دا دێن،ئەم میر حەمزەیە زۆر خاوەن هێزو دەسەلات بووەو،کتیبی (تذكرة الاجناد،في محاربة الاتراك و الاكراد) ئەم ناوانەش دەردەبڕێت.

میر حەمزە لە سالی (800ك)دا،شەڕی لەگەلّ تورکی (جەلایری)دا بووەو،گەلێك ولاتی داگیر کردووە،ئەم میر حەمزەیە سوپاکەی خۆی لە شانی کێوی (بەرقەلا) ی (مەریوان)دا،گرد کردۆتەوەو،شورایەکی بەدەوردا کێشاون و،لەتەنیشتی شوراکەوە مزگەوت و خوێندنگەیەکی زۆرچاك و لەباری دروست کردووەو،سەیید ئیبراهیمی بە (کابل) ناسراوی کردووە،بە مامۆستای ئەو خوێندنگە و،(شێخ ئەحمەدی نەعێمی) ناسراو بە (ابن الانبار) ی پێشنوێژی مزگەوتەکە بووەو،مزگەوتەکەش بە (مسجد السور) ناسراوە.

میر حەمزە سوپایەکی باش پێکەوە دەنێت و،لەگەلّ تورکەکاندا بەشەڕ دێت و،لە ئەنجامدا لە شاری (بەعقوبە) بە دەرمان خوارد کراوی کۆچی دووای دەکات).

(سەید عەبدولسەمەدی توداری) لە کتیبی (نور الانوار)دا،دەنووسێت:(دووای کابل بە 114 سالّ،مەلا ئەبوبەکری موسەنیف ،ماوەی 18 سالّ لەویّ (واتە:مزگەوتی سور) مامۆستا بووەو،پەند و ئامۆژگاری خەلکی کردووەو،زۆربەی کتیبەکانی لەویّ داناوەو،لەسەردەمی مەلا ئەبوبەکری موسەنیف دا،باباخانی ئەردەلان کە یەکێك بووە لە موریدەکانی ،مزگەوتی سوری ئاوەدان کردۆتەوەو،پاش ئەو 18 سالە مەلا ئەبوبەکر دێی (موشلە)*ی دەستگیربووەو،چۆتە ئەویّ،پاش ئەوەش بە سالێك دێی (چۆڕ)یان داوەتیّ و،مالی بردۆتە ئەویّ و لەویّ کۆچی دووای کردووەو،لەوێش نێژراوە.).

وەك لە دەستنووس و سەرچاوەکاندا هاتووە،ئەم شێخ ئیبراهیمە چەندین پارچە زەوی و،دێی گەورەی پیّ بەخشراوەو،دێی (نەولّوو/نوولّوو) لەنێوان (دەرەتفیّ) و(کانی سانان) و (نەی)دا،لەگەلّ دێی (دۆلاش) مولکی ئەون و،قازی فەتحولا دەلێت:(ئەم زاتە ئەم دوو مولکەی کردووە بە 6 پارچەوەو،وەقفی کردوون،بەشێکی وەقفی مزگەوت و بەشیّ بۆ میوان و،بەشێکیش بۆ قوتابی عیلم و،3 بەشەکەی تر بۆ نەوەی نێرینەی خۆی).

شێخ ئیبراهیم ژیانی لە دەرسوتنەوەدا بەسەر بردووەو،خزمەتی ئاینی پڕبەخشش و پیرۆزی ئیسلامی کردووەو،گەلێك موریدی بووەو،زۆرێك لە زانایانی ئەو سەردەمە لەلای شێخ ئیبراهیم خوێندوویانە و،لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتوون،لەوانە شێخ سەفائەدین

**ی ناسراو بە (پیر سەفا) کە گۆڕەکەی لەنزیك گوندێکدایە بەناوی (پیر سەفا)وەو،هاوکات (ئەبوعەلای کازرۆنی)یش یەکێك بووە لە قوتابییەکانی و،هەردووکیان لەسەردەستی شێخ ئیبراهیم دا،خوێندنیان تەواو کردووە.

عەلامەی کازرۆنی لە لاواندنەوەی شێخ ئیبراهیمی مامۆستایدا،دەڵێت:(مامۆستام ئەگەرچی شافیعی مەزهەب بوو،بەڵام لەشەرعی حەنەفی دا،ئەبوو یوسفی دووەم،بوو).

هەموو بەرزنجییەکانی (نمان)***کە ئێستا پێی دەڵێن :(سەڵوات ئاوا)لەنەوەی مەلا ئیبراهیمن و،لەگەڵ بەرزنجییەکان دا،لە پشتێکن.

لەبارەی کۆچی دووای (شێخ ئیبراهیم)ەوە،عەلامە(ئەبوعەلای کازرۆنی)لە پەراوێزی کتیبی (ضیاء الكلوم) دا،دەڵێت:(توفی ليلة الجمعة غرة ذي حجة الحرام عام ثلاثة وعشرين وثمانية من هجرة خير الانام).

بەم پێیە بێت لەشەوی جومعەی سەرەتای مانگی قوربانی ساڵی (823ك) کۆچی دووای کردووە،بەڵام شێخ عیسای بەرزنجی باپیرە گەورەی ،مێژووی ژیانی (666ك-754ك)وبەم پێیەبێت دەبێت شێخ ئیبراهیم دووای ئەوە مردبێت،چونکە عەبدولکەریمی باپیری لە دووای ساڵی(696ك) لە دایك بووە،چونکە ئەو کاتە شێخ عیسای باپیری ژنی هێناوە.

بەو شێوەیە پیری زاهید و،خواناس ،مەلا ئیبراهیمی بەرزنجی ،ناسراو بە (کابل) دووای بەسەر بردنی تەمەنێکی پڕ خزمەت ،کۆچی دووای کردو،گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری مەزن.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

*دێی (موشڵە)لە ئێستا دا پێی دەوترێت (وشکێن).

**مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (بەڕەحمەتبێت) لە جیاتی (سەفا ئەدین)دەنووسێت (پیر مستەفا)کە ناسراو بووە بە پیر سەفا.

***نمان:وشەیەکە بەنای شیوی تەنگ و،کەوە شاخە،ئەم دێیە و،هەر هەشت قشڵاخەکەی موڵکی خۆیانە و،مەلا ئیبراهیم وەقفی کردووە لەسەریان.

1-چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان،موحەمەدی مەلا کەریم وەریگێڕاوەتە سەر کوردی ،1970،بەغداد،چاپخانەی (سلمان الاعچمی).

2- بنەماڵەی زانیاران،نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیس (خودا لێی خۆشببێت) ،بەغداد،1984.

3- علمانا في خدمة علم والدين، نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیس (خودا لێی خۆشببێت) ،بەغداد،1983،الطبعة الاولى،دار الحرية للطباعة.

4- سادات البرزنجة،بقلم:عبدالقادر محمد البرزنجي،1375ه-1956م،مطبعة الترقي- كركوك.

5- شارۆچكەی بەرزنجە،نووسینی :هێمن مەلا كەریم بەرزنجی،گۆڤاری سلێمانی،ژمارە90،ساڵی 2008،ل35-38.

6- سوڵتانی حەقیقەت،كاكەیی لەنێوان ناڕۆشنی ڕێ و ڕچەكەیان و شیعەگەریدا،نووسینی:هێمن مەلا كەریم بەرزنجی،گۆڤاری هەڵەبجە،ژمارە13،زستانی 2007،ل24-35.




## پرسەی شەهیدی جوانەمەرگ

## فریاد ئەحمەد بەرزنجی

لەگەڵ ڕازیبوونمان بەقەدەری خوای گەورە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی هێمن مەلا كەریم بەرزنجی سەرنووسەری گۆڤاری بەرزنجە دەكەین،بەهۆی كۆچی ناوادەی خاڵۆزای بەڕێزیان ...پارەێزەر و ملازم ئەوەل (فریادی شێخ ئەحمەد ی بەرزنجی)كە بەكارەساتێكی دڵتەزێن شەهید بوو.

ستافی گۆڤاری بەرزنجە

## سوپاس نامە

بەناوی بنەماڵەی كۆچ كردو،شەهیدی جوانەمەرگ كاكە فریاد ئەحمەد بەرزنجییەوە سوپاسی هەموو خزمانی بەرزنجی و كەسایەتی و لایەنە سیاسییەكان و شێخانی تەریقەت ونووسەران و ڕۆشنبیران و ڕاگەیاندنەكان دەكەین كە بەپرسە و سەردانی كردنمان لەخەم و پەژارەیان كەمكردین، بەتایبەت هەڤاڵ مام جەلال كە بەبروسكەی ماتەمینی بەسەری كردینەوە،هەروەها ئەندامانی مەكتەب سیاسی وسەركردایەتی یەكێتی و پارتی و یەكگرتووی ئیسلامی و كۆمەڵی ئیسلامی و لایەن سیاسییەكانی تر و بەڕێزان م.جەمال عەبدول وم.مەحمود قەرەداخی ود.ئیسماعیل بەرزنجی و،شێخ ئیبراهیمی شێخ نەسرە و،شێخ عەبدولكەریمی كەلار و،سەرجەم خزمانی خەراجیان و شارباژێڕ و گەرمیان و كەركوك وهەولێرو كوردستانی ئێران.

خوای گەورە پاداشتی دڵسۆزیتان بداتەوە

د.هێمن مەلا كەریم بەرزنجی

لە جیاتی بنەماڵەی جوانەمەرگ

له ژمارەی داهاتوودا،بەم زووانە:

- نووربەخشی له نێوان تەریقەت و ئاینزایی شیعی دا.
- کاك ئەحمەدی شێخ (ژیان و بەرهەمی)
- شێخ عەبدولكەریمی داره خورما (ژياننامە)
- شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی(ژیان و بەرهەمی).
- مەزڵومی شاعیر ... ڕەنگدانەوەی سروشت و پێگەی بەرزنجە له شێعرەكانی دا.
- شێخ مارفی ڕیشەلاّنی و شێعری بەرزنجە
- حاجی شێخ مستەفای قازی(ژیان و بەرهەمی).
- سەیید ئەحمەدی خانەقا(ژياننامە).
- بابا ڕەسوڵی گەورەی بەرزنجی(ژیان و بەرهەمی).
- شەهیدی فەرماندە كاكە برا بەرزنجی(ژياننامە).
- بنێشتی كوردی له بەرزنجە دا.
- بەرزنجە و تەزبیحی ئەبڵەق.
- كانیاو و بیر وكارێزەكانی بەرزنجە.
- شێخ حەسەنی گڵەزەردەیی بەرزنجی.
- حوجرەومەدرەسەكانی بەرزنجە.
- جەراحەكانی بەرزنجە
- ....بابەتی تر